

# ڕووناکیە زۆر
# ڕووناکە

نووسەر : سامان سالم

ناوی کتێب : ڕووناکیە زۆر ڕووناکەکە
نووسەر : سامان سالم
بابەت : ڕۆمان

## <u>ڕووناکیە زۆر ڕووناکەکە</u>

### پێشەکی :

- پێشکەش بە باوەرداران
- پێشکەش بە کورد پەروەرەکان
- پێشکەس بەوانەی وشەیان خۆشەوی
- پێشکەش بەوکەسەی تەنیا سەیری پەڕەناکات بەڵکوبەهەستو سۆزەوە ئەیخوینێتەوە

## رووناکیە زۆر رووناکەکە

من کێم ؟
ئەوو کەسەم هەموان خیانەتیان لێکردم ؟
یانیش ئەوو کەسەم نەخۆشی نەفسیم هەیە ؟
یانیش ئەوکەسەم هیچ پارەوکارێکم نیە ؟
نەخێر من یەکێک لەوانە نیم بەلکو من هەموویانم
بەڵی منم هەڵگوورد هەموو ئەوانە لەمنا بەدێ ئەکرێت
باشە بەم شەوە من بیرلەچێ ئەکەمەوە ؟ بۆچی ناخەووم و
خەوێکی خۆش ببینم چیم داوە لەم قسانە ؟

ئەم کتابە بێسوودەش چیە بەدەستمەوە ڕێک بەقەت باڵای خۆم
گەورەئەبێت هیچ سوودێکیشی نیە
لەدڵی خۆمان بەخۆمم وت – بۆچی سوودێ نیە هەڵگورد؟ –
لەبەر ئەوەی هیچ کەسێک پێویستی بەزمانی کرمانجی نیە
ئاخر کوردی کۆن کوا ماوە تامن زمانی کوردی کۆن بخوینم
تەنیا کاتم بەفیرۆدا بەفێربوونی کرمانجی ئاخر کێ ئەوەندە نەزانە
کتێبی زمانی کوردی بە30هەزار ئەکڕێت لەکاتیکا کەسانێکی
کەم بەو زمانە قسەدەکەن ئەسلەن هەر بیویستم نیە تەنیا پارەکەم
بە فیرۆدا

## ڕووناکیە زۆر ڕووناکەکە

هەڵسامە سەربێ و تا هێزم تیابوو کتێبەکەم کێشا بەزەویا وەک بڵیی بمەوێ هەموو خەمێ ژیانم بەوکتێبەداماوە بڕێژم
– نا یەشتا زیاتری قابیلە دەرۆم لەپێش چاوی خەڵک ئەسوتینم بەڵام خۆ کەس لەدەرەوە نیە ؟ دەی کێشە نیە گرینگ ئەوەیە بیسووتێنم
بەپەلە دەبەیەکی بچوک نەوتم هەڵگرت و ڕۆشتمە دەرەوە ویستم بیسوتینم بەڵام سەیری دەرەوەم کرد هەمووی سەر شەقامو ناوکۆڵانە ناکرێت لێرە بیسوتینم
گەڕامەوە ژوورەوە تۆزێک هاتمەوە هۆش خۆمو کتێبەکەم لەڕیزی کتێبەکانی تردا ناو وتم بابۆجوانی لەوییابێت....

دوای چەند ڕۆژێک ئاکاری براگەورەم تەلەفۆنی بۆکردمو زۆری لێکردم ئێوارە بێم لەوێ نان بخۆم
ئاکاری برام پیاوێکی زۆر لەسەرخۆیە خاوەنی دووکچی بچووکە ماڵییکی جوانیان هەیە لەشارێک کە شارەکە سەعاتێک لەشاری منەوە دوورە
منیش بەتەنیا لەگەڵ دایکو باوکم ئەژیم سەیارەیەکی کۆنوشڕەم هەیە بۆ خزمەتی ئەوان کڕیومە

# رووناکیە زۆر رووناکەکە

کە براگەورەکەم بانگێشتی کردین دایکم  دەیوت من نایەم
بابۆجارێ تر بێت باوکیشم بەبۆنەی دایکمەوە نەهات
بۆیە منیش نەمویست دڵی ئاکاری برام بشکێنم بڕیارم دا بەتەنیا
بڕۆم
ڕۆشتمە ژوورەکەمو سویجی ئۆتۆمبیلەکەم هێناو سەیریکی
کتابەکانم کرد لەنێوانیان دا کتێبی زمانی کرمانجیەکەم بینی
کتابەکەم و  بڕیارم دا لەوێ بیسووتێنم
سواری ئۆتۆمبیلەکە بوومو بەڕێ کەوتم .....
نزیکی 45 خولەگ بە ڕێگاوەبووم  تا گەیشتمە شاری براکەم
بەڵام یەشتا ڕێگاکە مابوو دەبوو بەتەنیشت  شاخە دارماوەکەدا
بڕۆم لەپشتی شاخەکەشەوە گۆرستانێکی لێبیە

لەناکاو کتابە کوردیەکەم بیرکەوتەوە کە لەبیرم کردبو لەڕێگا
بیسووتێنم  بۆیە  بڕیارم دا لەگۆرستانەکە گڕی تێبەردەم ....

*<u>ڕووناکیە زۆر ڕووناکەکە</u>*

خەڵکێ ئەم شارە بەو گۆڕستانە دەڵێن گۆرستانی شاخە داڕماوەکە چوونکە وەختی خۆی شاخێکی زۆر گەورەبوە داڕمابووبوبو بەچەند پارچەیەکەوە ئیستا چاڵوو ئەشکەوتی زۆر زۆری تیا دروست بوە بەشەوان وەکو خانووی جنۆکەکان دەردەکەوێ هەم ترسناک هەم جوان ودڵفڕێن....

وردە وردە کاتەکەی بەرەو شەو دەرۆیشت

کە نزیک بوومەوە لەڕێگای شاخەداڕماوەکە خەرێک بوودەگەیشتمە گۆرستانەکە چوونکە گۆرستانەکە لەپشتی شاخەداڕماوەکەوەبووو.....

هە ر بەڕێگاوە بووم بۆ گۆڕسانەکە نزیک تروو نزیک تر دەبوومەوە .لەوکاتەشا لەمێشکم دا وشە کرمانجیەکان دەنگیان دەدایەوە و دوبارەئەبوونەوە ........ هەستم کرد کەمێک تاخێربوومەو کاتەکەی وابوە شەو بڕیارم دا دەستو برد بکەم ڕووناکی ئۆتۆمبیلەکەم هەڵکردو جامی ئۆتۆمبیلەکەم کردەوەو خێراییەکەم زیاد کرد

## ڕووناکیە زۆر ڕووناکەکە

لەپڕا ڕوونایەکی بچوک بچوکم بینی لە ناو شاخە داڕماوەکە
ئەدرەوشایەوە دەستم کرد وادەردەکەوت کە کەسێک لەوێ بێت و
گێربوبیت ئۆتۆمبیلەکەم هێواش کردەوە تا ڕامگرت و ویستم
دابەزم لەبەر خۆمەوە وتم نا هەڵگورد لەوانەیە جن بێت و بیەوێت
پەلامارت بدا کتێبەبێسوودەکەشت ناتوانێ یارمەتیت بدات ..
بۆیە ئۆتۆمبیلەکەم کردە جوولەو بەڕێ کەوتم لەدڵی خۆما وتم
دڵنیام کەسێک لەوێ گیربووە با بڕۆم خۆ گەر جنیش بێت من
پشت بەخوا ناتوانێ هیچم لێبکات
بۆیە وەستامو قورئانێکی بچووک لەناو سەیارەکەم دامنابوو هەڵم
گرت و کردمە گیرفانم بەنیەتی ئەوەی بم پاڕێزێت
بەلایتێکی بچووکەوە نزیک بوومەوە لە ڕووناکیەکە چوومە
پێشەوە لەکونێکی شاخەکەوە ئەم ڕووناکیەی دەردەدا
چاوێکم نابەکوونەکەوە چیم بینی !!!
ڕووناکیەکی،گەورەو سپی بەجۆرێک سپیە ڕەنگی،سپی لەچاویا
وەک ڕەنگی ڕەش وابوو لەناو ڕووناکیە سپیەکە ڕەنگی جۆراو
جۆر هەبوو کە ئەوڕەنگانەم پێشتر نەبینیوە
بۆیە لەتوونێلیکی بچووکی شاخە داڕماوەکەوە ویستم بچم بۆلای
ڕووناکیەکە...

## <u>ڕووناکیە زۆر ڕووناکەکە</u>

گەرام گەرام تونێلیکی نزیکیم بینی بە هەڕوولە ڕۆشتمە ناو توونیلەکەوە بیرم لەهیچ ناکردەوە تەنیا ئەوە نەبێت کە ئەم ڕوناکیە سپیە چیە ؟ باشە چۆن چووەتە ئەم ئەشکەوتەوە باشە گەر شتیکی،خڕاپ ڕووی دا ؟

باشە گەر ئەمەی من دەیبینیم تەنیا سەرابێک بێت و ڕووناکی نەبێت دواتر ڕێگام لێ ون بێتو لەئەشکەوتەکەیا گیربم ؟ ......

کە دەم ویست بیربکەمەوەو خەیاڵ بکەم بەوشەی کرماجی خەیاڵ وبیرکردنەوە ئەهاتە مێشکم ناهەقم نیە ئەوەنەم خوێندوە هەر قسەدەکەم بەوشەی کرماجی مێشکم وەڵام دەداتەوا

بەتوونێلەکەیا ڕۆشتم چەند بەردێکی گەورە لەپێشتم دەرکەوتن منیش بسم اللە‌م کردوو ویستم بەردەکان لابەرم قۆڵم هەڵکردوو لایتەکەم دانا لەسەر زەویەکە

دەستم گرتە بەدێک لەوو سێ بەردە بەهەموو هێزم ڕام کێشا دەی. دەی هاوارم دەکرد وەک ئەوەی شێرێک قاچی گەستبم

بەردێ یەکەمم لابردوو پاڵم نابەولاوە ویستم بەرەو بەردی دووەم بڕۆم ئەم بەردەیان زۆرگەورەبوو فانیلەکەی بەرم داناو ئارەقەی دەمووچاوم پێسڕیەوە و باوەشم کرد بەبەردەکەیاو بەهەموو هێزم ڕام کێشاا

## رووناکیە زۆر رووناکەکە

بەتوڕەییەوە هاوارم دەکرد دەموت :ـــ واز نایەنم تا لای نەبەم ...
بەردی دووەمم بەهێزو بازووم لابرد هەرچەندە زۆر زۆر قورس بوو
لەپڕا بەردێکی نەبچوک نەگەورە دایە بان لایتەبچووکەکەمو شکا...

####

## ڕووناکیە زۆر ڕووناکەکە

بەردێکی تریش دایە بان دەستی ڕاستما و هاوارم کرد یەکسەر
دەستم ڕاکێشا لەبن بەردەکەیا دەستم نابەسینگمەوە و دانیشتم
هاوارم دەکرد خوێنم نابینی لەبەر تاریکی بەلام ئەم زانی دەستم
خوێنی لێ هاتوە بەڵام نەبوە ڕێگر لەبەر دەمم دا فانیلەکەم
کردەوە بەرمو
ئەو بەردانەی لام برد کونێکی بۆم کردەوە منیش بەبێ کات
بەفیرۆدان چوومە ناوە و نزیک بوومەوە لەڕووناکیەکە.....
شاخەدارماوەکەش دەلەریەوە وەک بڵیی پێم پێ دەکەنێ

هەر ڕۆشتم تاڕووناکیەکە دەرکەوت کە تۆپەیێک هەور وابوو
کە دەنگی لێوە دەهات دەنگی چۆلەگەو دەنگی ڕووباروو دەنگی
مرۆڤ – زۆر
ماندوبووم تا بگەمە ئیرە مەحالە نەڕۆمە ناو ڕووناکیەکەوە بزانم
مەسەلەچیە
قاچەکانم هەنگاویان دەنا تا چوومە ناو ڕووناکیەکەوە هەر ڕۆشتمە
پێشەوە و ڕۆشتم سەیرێ قاچم دەکرد کەلەسەر بەردی
ئەشکەوتەکەئەڕۆم لەناکاو بەردەکان دیارنەمان ژێرقاچم بەتاڵ
بوو بەڵام هەرئەم توانی بەڕێگا دابڕۆم هەڕۆشتم تا هیچ دەنگێک
نەما تەنیا گوێم لەدەنگی چرکە چرکی کاژمێرەکەم بوو

## ڕووناکیە زۆر ڕووناکەکە

لەپڕ شریقەیەکی گەورە هات و ڕووناکی نەما خۆم لەناو ڕووبارێکی بچووک بینیەوە
بە ترسەوەوخێراییەوە مەلەم بەرەو سەرەوە دەکرد ویستم بێمە مەرەوە تا هاتمە دەرەوە لەکەنار ئاوەکە لەسەر دەم کەوتم... سەرم بەرزەوە کرد خۆر لەسەر سەرمە....

ئەی خوایە ئەمە چیە خۆ شەو بووو چوومە دەرەوە وە کاژمێرێک لەناو ئەشکەوتەکەبووم
لەترسا خەریک بوودەمردم چۆن دەکرێت بە کاژمرێک ڕۆژ هەڵبێت بەچوار دەوروی خۆما ئەسوڕامەوە سەیری ئەسمانم دەکردکە خۆر دەدرەوشایەوە..
لەپڕ دەنگێک وتی ـــ یا لاو تودڤێت هاریا من بکی ب هەڤبەرا ئیک چار بەر

بەهاوارەوەکەلەگەڵیا تورەدەبوم وتم – بەردت بۆچیە سەر زەوی هەموی بەردە !
–تو هێ دینی یالاو بەر لکیڤەهەنە
تۆزێ بیرم لەقسەکانی کردەوە هەستم شتێکی سەیرلەوپیاوەداهەیە .... چاوەکانم زەق بویەوەو انجا بیرم کەوتەوە کە ئەمە کرمانجیە وبەزمانی کوردی کۆن قسەدەکات بەڵام لەبەر ئەوشتەی کەبەسەرم هات کەمێک وڕ بوبوم ئاگام لەخۆم نەمابوو
وامزانی شێتەبەزمانەکەی خۆی جوابم دایەوە و وتم باشە ڕازیم یارمەتیت بدەم

## ڕووناکیه زۆر ڕووناکەکە

عارەبانەیەکی پێبوو وتی پێکەوە پاڵی دەنەین تا ناو شار وەوتیشی وادیارە تۆ زۆر هەژاری دوو بەری تریشت بۆزیاد دەکەم شەش بەردی بچووکی دەرهێناو وتی بیگرە
منیش ڕازی بووم و وەک ڕێزیک بۆ کابرا بەردەکانم بەپێکەنینەوە کردە گێرفانم
لەڕێگا بیرم دەکردەوە بۆچی ئەم کابرایە بە زاراوەیەکی کۆن قسەدەکات ؟ یان بەردم دەداتێ ؟
سەیرێ دەوروبەرەکەم کرد هیچ بەردێکێ لێنەبوو دە خولەکیش بەڕێگادا دەڕۆشتم یەک بەرد لێرەنەبوو
من لەوکاتەوەی چوومە ناو ڕووناکیەکە شۆکم تائیستا هەستەکەم لە هیچ تێناگەم

پێنج خولەکی برد ودارستانەکەمان بڕی و شارەکە دەرکەوت شارێکی جوان و ڕەنگاو ڕەنگ کە خانوەکانی لەخانوە چینیەکان دەچیت زۆر سەیروسەمەرەیە شاریکی گەورە بەڵام هیچ شوێنێک قیرتاو نیە
کابراکە پرسی : جلوبەرگەکەێ تۆ زۆر جیاوازە وادیارە لە ولاتی کارێز هیناو تە بەچەند بەرد کڕیوتە ؟
– مامە بەرد ئاخر کوا جلی پێئەکڕدرێت
– تۆزۆر سەیرونامۆدیاری چیتە کوڕم نەخۆشی ؟
– ناوﷲ مامە
– مەبەستت چیە لە ناوﷲ ؟

<u>*ڕووناکیە زۆر ڕووناکەکە*</u>

کەمێک تورەبووم لەقسەوپرسیارەبێ سوودەکانی و برۆم گرژ کرد
وتم ناوالله هەر ناوالله بوە یەعنی سوێند بەخوا
– خوا چیە ؟
– چی خوا چیە مەگەر ئیوە خوا ناپەرستن ؟
– نەخێر لە جیهانا کەس خوا ناپەرستی پەرستن هەزار
پەرستن هەزاران ساڵە نەماوە مەگەر پاشاکان قەدەغەیان نەکردوە
منیش هیچم نەوت لەدڵێ خۆما وتم دیارە ئەمە شێتە بالێگەڕێم
گەیشتمە ناو شارەسەیرەکە هەموو خەلکەکە بەوزمانە قسەیان
دەکرد کە من لەکتابەکەم خوێناومە سەیرە زۆر تۆبلێی لەکاتی
خوێندنەوەی کتێبەکە خەوم لێنەکەوتبێ ؟ !
سەیرێکی بەقاڵەکانی سەر شەقامەکەم کرد لەبەرام بەر خواردنا
بەردیان وەردەگرت

لەدڵی خۆما وتم وابزانم منیش وەک ئەمانە شێت ئەبم تازوە ئەبێت
لەم شوێنە دەربچم
شارێ شێتەکان ؟ یان شاری گەمژەکان چی ئەقڵێکە ئاڵتون بکڕن
لەبەرام بەر بەردێک
ویستم بڕۆم ئاوێک بکڕم بیخۆم چوومە دووکانێکێ بچوک خاوەن
دووکانەکە وتی ئاو بەیەک بەرد شەربەت بەدووبەرد
شەربەتێنم هێنا لەدوکانەکە بەدووبەرد
دانیشتم لەپاڵ دیوارێکا دەم خواردەوە
بیرم دەکردەوە ئەبێت چی ڕووی دابێت

## *ڕووناکیە زۆر ڕووناکەکە*

ــ گەنجەمەردەکە ڕۆژنامەی ئەم ڕۆ بۆناکڕی بەدوو بەردە ؟
منیش دووبەردی ترم داپێی و ڕۆژنامەکەم کڕیَ تابزانم چی
ئەگوزەریَ لەم شارە.....

## ***ڕۆژنامەکە:ـ***

ڕۆژی 5ی مانگی 7 ساڵی 10هەزار بەساڵی نووحی لەباشووری
وڵاتی بیرو هەلی کاری ئاو بارکردن بەردەستە
هەرئەوەندەم خوێنایەوەو ڕۆژنامەکەم فڕێداو دەستم کردە
بیرکردنەوە
ــ باشە تۆبڵێی گەشتی کاتم نەکردبێت ؟ بۆچی ساڵی 10هەزار ؟
خۆ ئیستا ساڵنامەی دووهەزارە
یانیش بۆنووسراوە نوحی ؟ یانیش ئەمانە لادایکبونی پێغەمبەر
نووح حیساب دەکەن ؟
زۆر ترسام ئەوەندە ترسام ڕێک بوورامەوە
خەلکی ئەو ناوچەیە لێم کۆبونەوە بەسواری گالیسکە
بردیانم بۆ نەخۆش خانەیەکی بچوک

## ڕووناکیە زۆر ڕووناکەکە

پزیشکەکانی ئەوێ بەچەند دەرمانێکی دواکەوتو کەلەکۆندا بەکار ئەهات دەیان ویست چارەسەرم بکەن

نزیکی چوار ڕۆژ لەوێ بێ هۆش بووم .....

چوارەمین ڕۆژ .کەمێک پێڵووی چاوم کردەوەو دام خستەوە. .

کەمێکی ترم کردەوەو دامخستەوە دواتر کەمێکێ تر چاوم کردەوە

ئافرەتێک لەبەردەمم بوو یەکسەر بەخێرایی چاوم کردەوە

ئافرەتێکی نزیک 25ساڵ لەتەنیشتم وەستابوو خەریکی پاکردەوەی ژوورەدارەکە بوو

ــ مەترسە تۆ باشی چوارڕۆژ پێش ئیستا بێ هۆش بوبوی ئیستا خەبەرت بویەوە

ـــ من لەکوێم ئەم ڕۆ ساڵی چەندە ڕۆژی چەندە ؟

ــ ئیستا ڕۆژی 5ی7 ی 10هەزارە

ــ مەبەستت چیە لە 10هەزار

ــ کوڕە گەنج پێدەچێت کەبێهۆش بوبوێ مێشکت لای خۆت نەبێ کەمێک پشوو بدە

ــ بۆستە ئەی کێ پارەی من دەدات من هیچ پارەیەکم پێنییە

کەمێک پێکەنی و وتی: ــ لەوڵاتی بیرو پارە لەنەخۆشەکان وەرناگرین

*رووناکیە زۆر رووناکەکە*

دوایی ئەودادەیە جێی هێشتم
منیش لەسەر جێگاکەم هەڵسامو بەشەلە شەل چوومە
بەرەودەرەوەی نەخۆش خانەکەدەچووم ....
لەنەخۆش هاتمە دەرەوە لە پشت دیواری نەخۆش خانەکە پاڵم
دایەوە دەستم دالەگیفانم سەیردەکەم قوئانیکی تێدایە
.. بیرم کەوتەوە لەناوئۆتۆمبیلەکە هەڵم گرتبوو
قورئانەکەم کردەوە و سەیری پەڕەکانیم دەکرد ویستم بزانم
نەدڕاوە پەڕە بەپەڕە هەڵم دەدایەوە ......،

لەپڕا یەکێک وتی :ــ
ــ داژیار سەیرێ ئەو کوڕەبکە وەکو تۆ حەزی لەکتێب
خوێندنەوەیە ........
داژیار :ــ ڕاستەکەی بیرەوەر وەرە بابڕۆینە لای دانیشین
منیش وەستابوم گوێم لەگفتو گوکانیان بوو هاتنە تەنیشتم دانیشتن
وتیان ئەوە چی کتێبکە دەیخوینیتەوە ؟
وتم قورئانە
کوڕەکەبە هاوڕێکەی وت :ــ
ــ داژیار قورئان چیە تو خوێندوتەتەوە ؟
ــ بیرەوەر نازانم هیچ کتێبیکێ وام نەبیستوە بەڵام لە کتێبە ئاینیە
کۆنەکان داناوێکی واهاتوە کە ڕۆژێک کتابێک ئەنێردرێت بۆ
پیاوێکی نەخوێندەوار بەناوی قورئان

## ڕووناکیه زۆر ڕووناکەکە

## داژیار:ــــ

لەدڵی خۆما وتم ئەم کوڕە درۆئەکات کە کتێبەکەی دەستی قورئانە
ئەیەوێ ئێمە بخەڵەتێنی دەموچاو و جلوبەرگرێ لەهین ئێمە ناچێت
ـ باشە تۆ ناوت چیە ؟
ــ من ناوم هەڵگوردە .. ئەمەوێ تۆزیک باسی ئەم شوێنە بکەیت
بۆم چوونکە من یەکەم جارمە ئیرەدەبینم
بەڕاستی قسەکانی زۆر سەیرە وابیردەکەمەوە شێتە

کوڕە سەیرو جیاوازەکە لێیی پرسیم :ـ بۆچی وێنەی گەێشتیەکی گەورە لەهەموو شوێنێک هەیە لەسەر دیواری شارەکە لەسەڕ ڕۆژنامەکان
ــ لەبەر ڕێزێک بۆ باوەگەورەمان کە گەشتیەکی دورست کردوە ئێمەی زڕگار کردوە لەدەستی خڕاپەکارەکان
دواتر چەند نەوەیەکی لێبوە ژنومێردێک لەو نەوانە شەوێک ڕۆشتوونە بۆ شاخێک لەوێوە بەشێوەیەکی سەیروسەمەرە گەشتێ شوێنیان کردوە ڕۆۆشتونەتە بەشێکی ترێ زەوی بەشێک لەبەشەکەی تر زۆر جیاواز ترەو دوور ترە وە تەنانەت گەر هەموو زەوی ئێرە بگەڕێیت بەشەکەی تری زەوی نادۆزیتەوە بەڵام ئێمە کەس مان باوەڕمان بەو ئەفسانەیە نیە تەنیا قسەیەکی پڕوبوچی ناوکتێبەکانە دوونیا تەنیا ئەم زەویە هەیە و ئەم سێ وڵاتەیە

**هەڵگورد** :ــ
دوای قسەکانی ئەو کوڕە یەکسەر کەوتم بەسەر پشتاو دەستم کرد بەهەناسە بڕکێ ڕەنگم سپی بویەوەو خەیاڵم دەکرد ئیدی چۆن لێرە بژیم ؟
بیرەوەر :ــ مەترسە پیاو ئەوە تەنیا چیڤانۆکو ئەفسانەیە
ــ ئەفسنانەی چی من لەو زەویەوە هاتوم هەمان شتم بەسەر هاتوە..
داژیار دەستی کردەپێکەنینو بەهاوڕێکەی وت :ــ وازی لێبینە وادیارە خراپ سەرخۆش بوە قسەی بێمانن دەڵێت
منیش تورەبوومو وتم سەرخۆشی چی نابینی وەک کەسێکی ئاسایی قسەدەکەم هیچ خاوبونەوەیەک لەقسەکانم نیە

کەمێک بێدەنگبوون خەریک بوو تیدەگەیشتن لێم بەڵام هەر باوەڕیان نەکرد بەهەرحاڵ دەمزانی کەس باوەڕبەمن ناکات زۆر گرینگیم پێنەدا وتم ئێوە چی دەکەن لێرە ؟
وتیان ئێمە هاتووین ئاوباربکەین ئەم ڕۆ لەڕۆژنامە بیستم کە کاردابەش ئەکەن ویستمان کاربکەین
ــ منیش دەتوانم لەگەڵتانابێم ؟
ـــ ههەه پێم وانیە بەسەر خۆشی کارت پێبکرێت
بزەیەکم کردوو وتم :ــ سەرخۆش نیم گەر سەرخۆشیشبم کێشەنیە کاردەکەم
هەستامە سەرپێ و جلەکانم تەکاندو خۆڵەکەم لەجلەکانم کردەوە ئەو خۆڵەی یەک وردە بەردیشی تیانیە

هەرسێکمان بەڕێ کەوتین بەوئەوشوێنەی کاریان دابەش دەکرد
خۆرەگەرمەکەش بەدوامان دا ئەهات نزیک بوو لەنیوەڕۆ
لەڕێگا کەسێک لەدورەوە بانگی ئەم دوو هاوڕێتازەیەمێ دەکرد
ـــ بیرەوەر
ـــ بیرەوەر بۆستن منیش دێم
لەدڵی خۆمان وتم : ئەمانە بەس نەبوو گاڵتەم پێبکەن ئەمیشم توش
بوو نزیک بوویەو ووتی :ـــ چۆنن باشن ئێوەش بۆ کارکردن
هاتون ئەم کورە سەیرە کێیە ؟
داژیار بزەیەکی کردوو وتی :ـ دەنگۆی برام ئەمەزۆر موهیمە
لەهەسارەیەکی ترەوە هاتوە ...
منیش هەرخەیاڵم لای خانوو شتومەکی شارەکەبوو کە
جیاوازیەکەی مێشکی تێکدابووم

پرسیارم کردلە داژیار وتم:ـــ بۆچی ئاین لایٚ ئێوە قەدەغەیە؟
وەڵامێ دایەوە وتی :ـ ئەفسانەی زۆری لەسەر هەیەبەڵام ئەوەی
من خوێنابێتمەوە هەزار ساڵ پێش ئیستا پیاوێک هاتە ئێرە وەکو
تۆ نامۆو سەیربوو ویستی بانگەشەی دینەکەی بکات بەڵام پاشاکان
چەند ڕۆژێک زیندانیان کردوو دواتر سەریان بڕی
ـــ وادیارە تۆ زۆر ئەخوینیتەوە باشە ئاینی ئەو پیاوە چیبوو ؟
دەستی کردەبیر کردەوە بەزەردەخەنەیەکەوە وتی :ـ وابزانم
بەچاوت بردم کوڕە ناوی ئاینەکەیم بیرنەماوە

# ڕووناکیە زۆر ڕووناکەکە

لەدڵی خۆما وتم کەواتە دەبێ منیش بەهیچ شێوەیەک باسێ ئاین نەکەم باشە ئەی ئەگەر خوا منی ناردبێت بۆئەوەی ئاینیان پێبگەیەنم ؟.....
نزیک بوینەوە لەشوێنەکە خەڵکم دەبینی بە ئافرەتو بەپیاو ئاویان باردەکرد ودەیان برد بۆناو شار
من بڕوام وابوو وەکولای خۆمان ناو دەنووسن بەڵام شتی وانیە بەتاتۆیەک دەنووسن ئاو لەسەر دەستی چەپت ئەو تاتۆیە تایەک ڕۆژ شوێنەواری دەمێنیت دوای یەک ڕۆژەکە گەر کاربکەیت تۆخی دەکنەوە دووبارەگەر یەک ڕۆژ کارنەکەیت دەردەکرێت.....

هەر چوارمان تاتۆمان لەسەر دەستمان کردوو من لەتاتۆکەرەکەم پرسی ڕۆژانە چەند وەردەگرێن وتی ڕۆژێ 20بەرد منیش نەم زانی باشە یان خراپ بەڵام دەبوایە کاربکەم تاکو لەبرسا نەمرم هەموو کۆبوینەوە لەشوێنی کارەکە پیاوێکی ڕیش درێژ هاتە سەر سەکۆیەک و وتی ئەم ئاوە ئاوی وڵاتی کارێزە
نامەوێ یەک دڵۆپیشی لێبڕشێت ئەبیت بەوریاییەوە بیگوازنەوە بۆ ناو شار
هەموو مان دەستمان کردە کارکردن شەش سەتڵی گەورەم کردە سەر عارەبانەیەک و بەشوێن داژیار کەوتم

کارمان کرد تا گەیشتە عەسر کاتی نان خواردنی وڵاتی بیرو بڕوادەکەی ئەمانە لەڕۆژێکا یەک ژەم خواردن ئەخۆن !!
منوداژیار دەستمان لەکارهەڵگرتو ویستمان بڕۆین بۆ خواردنگایەک
بیرەوەریش وتی دەڕۆمەوە یارمەتی باوکم دەدەم خەریکی دورست کردنی دەرگایەکە بۆماڵێک لە باکوروادیاربوو باوکی دارتاش بوو
منیش وتم :ـ لێرەوە دەچیت بۆباکور ؟
بیرەوەر ــ چیە لەگەڵ خۆتا ڕابواردن هێناوە بۆ ئەم زەویە ؟
نیوانی باشور و باکور تەنیا چارەگێکە
ــ چی واتە ئەوەندە بچووکە ؟
داژیار پێکەنیو وتی :ــ نەخێربرام لەبەر گەورەیی باکوروباشور تێکەڵ بوە وە ئێمە نزیک سنووری باکورین......

منیش هیچم نەوت چونکە یەشتن شارەزای ئێرەنیم بۆیە هەرزوو ڕۆشتین بۆچێشت خانەکەکەچوینە ژورەوە منو هاوڕێ تازەکەم مێزیکمان گرت
شاگردەکە بە دڵخۆشیەوە هاتە سەرسەرمانو وتی : مریشکو برجێک بەشەش بەردە وە بەتەنیا برنج بەسێ بەردە
منیش سێ بەردێ بچووکم داپێی لەتەنیشت داژیارەوە خەرکیی برنج خواردن بووم داژیاریش هەرسەیری قورئانەکەی دەکرد و پەرەکانی دەکردەوە
ــ باشە هەڵگورد ئەم قورئانە بۆچی بەزمانی کوردێ نەنوسراوە ئەم وشانە چین
ــ چونکە جگە لەکورد قەومی تریش بوونی هەیە زمانی تریش هەیە
ــ تۆ زمانی تر دەزانی جگە لەکوردی؟؟؟

ــ بەڵی بەڵام پیوست ناکات  قسەی پێبکەم چوونکە هەموان تەنیا کوردی کۆن قسەدەکەن
لەدڵی خۆما  ئای گەر  ئەمانە دەزانن  من پێشتر چەنێک ڕقم لەزمانەکەیان بوە ویستومە کتابی زمانەکەیان   بسووتێنم ئەبی چیم لێبکەن  سەرەتا دەستم ببڕن یان سەرم
داژیار : دەتوانیَ  چەند وشەیەکی ئەم قورئانەم بۆبکەی بەکوردی
وتم بەڵی بانانەکەم بخۆم  لەشوێنێک دادەنیشین بۆت دەکەمە کوردی هەرئایەتێک کەبتەویَ
ــ ئایەت چیە ؟؟
ـ واتە نیشانەو بەڵگەی الله
ــ الله  کێیە ؟
ــ الله واتە پەرستراوێکی ڕاست......

چوینە دەرەوە لە  سەر شەقامیَ چێشت خانەکە دانیشتین و قورئانەکەی کردەوەو دەستی خستەسەر ئایەتی 57سوڕەیَ نەجم وتی لێرەوە بۆم بکە بەکوردی
منیش پێم وت ئەوە دەڵێت: شتەنزیکەکە زیاتر نزیک بۆتەوە
ــ مەبەستی چیە لەشتەنزیکەکە ؟
ــ مەبەستیَ کۆتاهی هاتنی دوونیایە
ــ ئیَ ئیَ بەردەوام بە
ــ و دەڵێت : بێجگە لەخوا کەس نیە ئاشکرای بکات
جائێوە بەم وتنە سەرسام دەبن
پێدەکەنن و ناگرین
وەئێوە گۆرانی دەڵێن
دەی  کرنوش بەرن بۆخواو بیپەرستن

## ڕووناکیە زۆر ڕووناکەکە

هاوڕێ تازەکەم سەرسام بوو بەم قسانە چونکە پێشتر قسەی واسەیرێ نەبیستبوو
وەپێی وتم : دەکرێت زیاترم بۆ بکەیتە کرمانجی هەستەکەم ئەمە قسەی مرۆڤ نیە
بەنێوپەرەکانە ڕۆشت هەر لەخۆوە بەبێ ئەوەی لەهیچیان تێبگات
وتی ئەمەیانم بۆبکە بەکوردی دڵم بۆئەم وشانە ئەجولێ
منیش وتم باشە بەڵام دوای ئەوەی کردم بەکوردی چی ئەبێت
هەر ئەڵیی قسەیەکی جوانەو تەواو باوەرناهێنی؟؟
ـ نازانم بەڵام دەمەوێ بزانم چی نوسراوە

وەلحاسڵ دەستی لە سەر ئایەتەکانی سورەی حەق بوو
منیش قورئانەکەم گرتە دەستمو وردە وردە دەستم پێکرد
قورئان :جا سوێند بەوشتانەی کە دەیبینن
وەبەوەش کەنایان بینن
ئەوە قسەی نێردراوێکێ بەڕێزە
وەقسەی شاعیر نیە بۆکەمتان باوەڕدەهێنن
وەقسەی فاڵچی نیە زۆرکەم تان بیردەکەنەوە
هاتوەتە خوارێ لەلایەن بەڕێوبەری جیهان
گەر بەدەم ئێمەوە هەندێک تەی هەڵبەستایە
ئەوە بە هێزی خۆمان دەمانگرت
لەپاشان ڕەگی دڵیمان دەپچڕاند

## <u>ڕووناکیە زۆر ڕووناکەکە</u>

تەماشای داژیاری تازە هاوڕێم کرد کە دوای بیستنی ئەو ئایەتانە کەمێک ڕەنگی گۆرا و سور هەڵگەرا
پشتی دایە کورسیەکەوەوسەیری سەر زەویەکەی دەکردوو
جارجاریش سەیرێکی منی دەکرد ...
منیش هیچم نەوت وتم با کەمێک بۆخۆی بیربکاتەوەو بەبێ دەنگی وازی لێبهینم..
لەناوچێشت خانەکە دەنگێکی زۆر دەهات بەڵام داژیار بەجۆرێک خەیاڵی ڕۆشتبوو وەک بڵیی هێچ دەنگێک لەدەوروبەر نایەت....
باوەڕپێنەکراوە بەراستی ئایە قورئان بەوجۆرە کاریَ لەم کوڕەکردوە تۆبڵێیی کوردەکانی تری ئەم زەویە چیبکەن ؟؟

**داژیار:ــ**

بەڕاستیێ ئەمڕۆ گوێم لەشتێکی جیاواز بوو کومەڵێک وشە
کەپێشتر نەم بیستبوو ئەمە هەردەبێت قسەی خوایەک بێت باشە
من چێبکەم ئیستا ؟ خۆ ناکرێت باوەڕبهێنم حوکمی باوەڕهێنان
کوشتنەلەم وڵاتە و دوو وڵاتەکەی تریش
خۆ باوەڕیش نەهێنێم وەک خوادەفەرمێت کۆتای دونیا نزیکە
....
بەترسەوە ماڵ ئاواییم لە هەڵگورد کردو ڕۆشتمەوە بۆماڵەوە
لەپەنجەرەی ژورەکەمەوە سەیری ناو کۆڵانە گەورەکانی
شارەکەمم دەکرد
بیرم لەو قورئانە دەکردەوە

## هەڵگورد:ــ

کە داژیار جێیهیشتم بیرم لەوە دەکردەوە ئەم شەو چۆن بخەوم
ویستم بڕۆم دەدارستانەکە لەسەر دارێک بخەوم
بەکۆڵانەکانی باشوری بیرودا ئەگەرام هەر سەرم سوڕمابوو لەم شوێنە .....
درەنگی ئێوارە هاوڕێ کەی بیرەوەرم لێپەیدابوو...
هاتەبەردەمو قۆلیم گرتو وەستانم وتم کارێکی گرینگم پێتە دەنگۆ
ــ دەتەوێت بڕۆی بخۆێتەوە ؟ من دووکانێکێ باش پێدەزانم
ــ نا من ئەمەوێ ئەم شەو لەجێگایەک بمێنمەوە هیچ شوێنێک پێ دەزانی ؟
ــ بەڵی ئەم شەو ئەتوانین پێکەوە ئووتیلێکێ بچووک بەکرێ بگرین بە 16بەرد هەتا دەچمەوە نیشتیمانەکەم وڵاتی سەودا

پێکەوە ڕۆشتین ئوتیلێکمان بەکرێ گرت دوو شوێن نوستی تیابوو دەنگۆ لەسەر جیگای خەوەکە پاڵی داوەو وتی دەزانی هەڵگورد بەم کاتە چێ خۆشە ؟
ــ چی خۆشە
ــ ئائیستا خاوەنی 10هەزار بەرد بیت بڕۆی لەوڵاتەکەی من خەریکی بازرگانی بیت گەرەو دەکەم بە ساڵێک دەبمە خاوەنی 100هەزاربەردو دەبمە دەوڵەمەند ترین کەسی سەرزەوی خۆشترین ژیان دەبەمە سەر
ــ بەڵام دواتر وەک هەموو هەژارێک هەر دەمری
تۆزێک سەیرێ کردموو وتی باشە چیرۆکی تۆچیە....

## ڕووناکیە زۆر ڕووناکەکە

بزەیەکم کردو وتم ـ چیرۆکی خۆم ناگێرمەوە نامەوێ ببمە یەکێک لەئەفسانەکانی ناو کتێبەکانتان باشە بۆچی ئێوە باوەڕبەهیچ ناکەن تەناتەن باوەڕتان نیە نوحیش باپیرانتانی ڕزگارکردبێت

ــ دەزانی هەڵگورد گەر ئاینەکەشت ڕاست بێت باوەڕکردن بەخەڵکی ئەم سێ وڵاتە ئەستەمە

ــ دەزانم هەربۆیە بڕیارم داوە هیچ نەڵێم لەسەر دینەکەم

ــ هەڵگورد چۆن دەکرێت خوایەک هەبێ هەموانی دروست کردبێ و خۆشی دروست نەبوبێ

ــ ئای تۆش،هەمان کێشە کێشەی مرۆڤەکان ئەوەیە خوائەکاتە چوار چێوەی ژیانی مرۆڤەوە... لەقسەکانم بەردەوام بووم ... خوا لەدەرەوەی کاتە بۆیە ئاساییە دروست نەبوبێت مرۆڤ لەناوکاتە هەرئەبێت سەرەتایەکی هەبێت

ــ باشە لەوڵاتەکەی تۆ چۆن ئەژین چۆن کاردەکەن

ــ لەوڵاتەکەی من بە کاغەزێک ئاڵوگۆردەکەن لەنێوان خۆیان

ـ یەعنی ئاڵتون دەگۆرنەوە بە کاغەز ئەمە چی مێشکێکە

ــ منیش هەمان بیری تۆم هەبوو کاتێک هاتمە شارەکە بینیم بەرد دەگۆرنەوە بە ئاڵتوون وابیرمەکردەوە خەڵکەکە هەموو گەمژەیە بەڵام بۆم دەرکەوت هەرشتێک لەجیگای خۆی نرخی هەیە

ــ ئەی ژیانی تۆ چۆن بوو لەنێوان ئەوهەموو خەڵکە

ــ چیرۆکی من درێژە

ـ لەوکاتەوە دەستی پێکرد کە هەمووشتی باش بوو خەریکی خۆشەویستی بووم لەگەڵ کچێک ژیانێکێ.خۆشم هەبوو بەڵام دواتر کچەکە هاوسەرگیری کرد
کەهاوسەرگێری کرد زۆر خەمم خوارد
ــ باشەگەرخوایەکی باشت هەیە بۆیەشتی خۆشەویستەکەت هاوسەر گێری بکات
ــ بۆستە هەمووشتێکت بۆباسەکەم
هاوڕێی کچەکەش
دەیزانی زۆر ئازارم هەیە لێم نزیک بوەوە و گرینگی پێدەدام زۆری خۆش ویستم تادوای لێهات بومە خۆشەویست لەگەڵ ئەوکچەدا ژیانم وەک جاران خۆش بویەوە هاوڕێم هەبوو ژیانم لاخۆش بوو

ڕۆژێک هەواڵێکم بۆهات کە ئەو کچەی جێی هێشتممو هاوسەرگیری کرد لەگەڵ کوڕێکازینای کردوە لەکاتێکا پیاوێشی هەبوە منیش سووپای خوام کرد کە ئەو کچە نەبووە هاوسەری من
بۆیە لەوەوە ویستم بگەڕێمەوە بۆلای خواو دەست بکەم بە دینداری وە فێری قورئانو دین ببم
بەخۆشەویستەشم وت ئێمە ئیتر نزکی یەک نابینەوە تاکو هاوسەرگیرێ دەکەین بەڵینیشم پێی دا هاوسەرگێری بکەین ئەویش پەیمانی دا ببێتە ئافرەتێکێ خواناس
ــ بۆچی نزێک بونەوەو قسەکردن لەگەڵ کچا کەی کێشەیە ؟
ــ لەدینی ئێمەیا ڕێگەپێدراونیە

## ڕووناکیە زۆر ڕووناکەکە

دواتر خەریکی دینداری و فێربونی ئاینەکەم بووم هێواش
هێواش هاوڕێکانم لێم دوور کەوتنەوە چوونکە ئەوان خڕاپ بوون
کەسی خڕاپیش حەزی بەهاوڕێتی کەسی باش نیە
کەسم نەما تەنیا خۆشەویستەکەم نەبێ ڕۆژێ پێنج خولەک دەم
بینی هەواڵم دەپرسیو ئیدێ نەم دەبینیەوە
ڕۆژهاتوڕۆژ چوو کەمن هەر خەریکی قورئان خوێندن بووم
خەریکی دین داری بووم زۆر دڵودەرونێکی باشو ئیسراحەتم
هەبوو
ڕۆژێک خۆشەویستەکەم هاتە بەردەممو وتی من ناتوانم ڕۆژێ
تەنیا پێنج خولەک بت بینم من فێرنیم وابم دەمەوێ لەباوەشت
بکەم

وە ئیدی من ناتوانم وەکو کەسێکی باش ڕەفتار بکەم حەزەکەم
سەیرێ کوڕان بکەمو قسەیان لەگەڵ بکەم
جا دەنگۆی برام وەکوکوردەواری خۆمان دەڵێت نەم کردە
نامەردی یەکسەر لێی جیابوومەوەو لەوڕۆژەوە نەم بینیوەتەوە
ـــ ئەی کچەکە چی لێهات ؟
ـــ بەجۆرێک دورم خستەوە ئیستاش نەم بینیوەتەوە
دەنگۆ کچێ سەر شەقامەکەنم ناوێ هەموو شار پڕە لەکچی
لەوجۆرە

## هاوڕێ کۆنەکەی هەڵگورد:ـــ

ئەم ئێوارەیە کۆتا ڕۆژی تەعزێی هەڵگوردە هەرچەند خۆی وەسێتی وابوو گەرمردم تەعزێم بۆمەکەن حەرامە بەس وەسێتەکەیان قەبوڵ نەکرد
من تاکە کەسم باوەڕم وابێت هەڵگورد نەفڕێندراوەو نەکوژراوە نازانم چیٚ لێهاتوە بەڵام دڵنیام نەمردوە
چی ئەگەر لەڕێگای چون بۆ شاری براکەی لە شاخە داڕماوەکەوەو بەرد کەوتبێت بە ژێریاو مردبێت؟؟
لەناخی خۆما وتم :ـــ هەڵگورد بۆ خاتری خون لە چی دەردەسەریەکی ئیستا

ئایە ئەبێت ڕۆژێک بێتەوەو بیکات بەسوپرایزبۆمان گریانی ئەم هەمووە بگۆڕێت بۆ پێکەنین ؟

**هەڵگورد :ــــ**

کەڕۆژداهات هەڵسام لەخەو بینیم دەنگۆ پێش من هەڵساوە دوای ئەوە پێکەوە ڕۆشتینە سەر کارەکەمان
لەویش داژیارم بینیەوە چوونکە دەم زانی تەنیا لەوێ دەستم ئەکەوێ و ئەتوانم بیبینم
سڵاوم لێکردو دەستم بۆ بەرزکردەوە لەدورەوە
ئەویش زەردەخەنەیەکەوە وەڵامێ دامەوە
پێکەوە خەریکی کارکردن بووین بەتەنیشت یەکەوە عارەبانەکانمان پاڵ دەناو قسەمان دەکرد....

داژیار : هەڵگورد دەمەوێ منیش باوەر بهێنم بە خواوقورئانەکەت پێویستە سەرەتا چێبکەم
ــ بەڕاست دەتەوێ باوەڕ بهێنی ؟
ــ بەڵێ دەمەوێ یەکەم کەس بم ببمە باوەڕدار لەم سەرزەویە
ــ باشە زۆر ئاسانە تەنیا شایەدێ دەدەی و نوێژەکانت دەکەی دواتر دەبیتە یەکێک لە ئیمانداران
ــ شایەدی چیە

## *ڕووناکیە زۆر ڕووناکەکە*

ــ ئۆو ببورە شایەدێ واتە گەواهیدان واتە تۆ گەواهی دەدەی کە هیچ خوایەک نیە تەنیا پەرستراوی ڕاست نەبێت وە شایەتی دەدەی کە ﷴ نێردراوی خوودایە

ــ موحەمەد کێیە

ــ موحەمەد ئەوکەسەیە کە بەفریشتەیا قورئانی بۆهاتوە ئەویش بۆخەڵکی ئاشکراکردوە

ــ تێگەیشتم واتە ئێمە نوێژ بۆ محەمەدیش ئەکەین ؟

ــ بزەیەکم کردو وتم نەخێر محەمەد تەنیا نێردراوەی خوودایەو لای ئێمەکەسێکی زۆر بەڕێزە بەڵام جگە لەخوا نابێ کەس بپەرستیت

ــ باشە من دەمەوێ شاهادە بهێنم بەڵام نوێژ نەکەم دەبێت ؟

ــ نەخێر گەر نوێژ نەکەی ئەوە دیسانەوە بێ باوەڕدەبیتەوە ئەبێت نوێژەکانت بکەی

ــ بەڵام گەر خەلک بم بینێ نوێژ دەکەم دەم کوژن

ــ وەکو من نوێژەکانت بەنهێنی دەکەی

ئا بەم شێوەیە داژیار ئیمانی هێناو منیش تاکاتەکەی بوە نیوەڕۆ ئەوەی پێویست بوو فێرم کرد

## ڕووناکیه زۆر ڕووناکەکە

نیوەرۆ کە کارەکەم تەواو بوو ڕۆشتم لەبن دارێک دانیشم نزیک شوێنی کارەکەم کاژمێرێک دوای ئەوە بیرەوەر و دەنگۆ لەگەڵیاندا داژیار پەیدابوون و هاتن لەتەنیشتم دانیشتن وتیان دەمانەوێ چەند پرسیارێک لەسەر ئاینەتازەکەمان بکەین
وتم ئاینەتازەکەتان ؟
ــ بەڵی ئاینە تازەکەمان داژیارزۆر باسی ئاینەکەتی بۆکردوین ئێمەش باوەڕمان هێناو چەند پرسیارێکمان هەیە
ــ ئی فەرموون پرسیارەکانتان بکەن ؟

دەنگۆ وتی : لەقورئاندا باسێ نووح کراوە؟
ــ بەڵی باسکراوە پێغەمبەرێکی خوا بوە هاتوە بۆسەر قەومێک کەچی باوەڕیان پێنەکرد دواتریش هەموو قەومەکە ژێرئاوکەوتون تەنیا نووحو شوێنکەوتوانی نەبێت کە بە گەشتیەکە ڕزگاریان بووە
داژیار: ــ دواتریش ژنومێردێک نزیک بونەتەوە لەئەشکەوتێکی گەورە بەشێوەیەکی سەمەرە هاتونەتە ئێرەو مرۆڤایەتی لێرەش سەری هەڵداوە

دەنگۆ : ــ ئەتوانم بزانم قورئان چی دەڵێت لەبارەی دایکو باوکەوە
ــ بەڕێزو گەورەییەوە سەیریان دەکات و فەرمانمان پێدەکات ڕێز لەدایکو باوک بگرین هەتا سەیرکردنی دایکوباوکیش بەچاکە بۆت دەنووسرێ
ــ چاکە ئەی باشە چاکە سوودی چیە دوای ئەوەی کەمردین و نەماین ؟
داژیار : ــ هەڵگورد پێی وتم کە جیهانێکی تربوونی هەیە گەر کەسێک چاکەی زۆربێت ژیانێکی.خۆش ئەژی گەر کەسێکیش خراپەی زۆرتر بێت لەچاکە ژیانێکی ناخۆشو پڕ لەسزا ئەژێت

دەنگۆ : ــ ئەی قورئان ڕێزی لەئافرەت گرتوە ؟؟
ــ سوڕەتێک هەیە بەناوی ئافرەتەوە وە لەوسوڕەتا فەرمانمان پێدەکات بەباشی و چاکی هەڵسوکەوت لەگەڵ هاوسەرەکانمان بکەین
بیرەوەر :ــ ئەی دەتوانین لەگەڵ ئافرەتی بیانی بخەوین ؟
بزیەکم کردوو وتم ــ نەخێر نەخێر بۆ ئافرەتی خەڵکی بەچی تێگەیشتوی
ــ باشە باشە هههە ئەی گەر جلوبەرگی ڕووت لەبەر بکەن خۆ ئەمەیان کێشەی نابێت زیانیشی بۆکەس نیە

## <u>ڕووناکیە زۆر ڕووناکەکە</u>

ــ لەبارەی جلوبەرگەوە ئافرەت نابێ هیچ شوێنکی دیاربێت هەتا چاویشی نابێت بەدەرەوە بێت ڕێگە پێدراونیە زیانیشی بۆخۆی هەیە ئەگەری هەیە کەسێک بهروژێنێت و ئەو کەسەش دەست درێژی بکاتە سەری وە جگە لەوەش کوڕانی تر تووشی گوناح دەکات بەسەیرکردنی

داژیار :ـــ باشە گەر کەسێک دزی بکات چێلیدەکرێت

ــ دەستی ئەبڕدرێت بۆئەوەی جارێکی تر دزی نەکات و خەڵکیش لەوەوە بترسێ و دزی نەکات

ــ باشە ئەی ئەگەر برسی بوو یان سالآنی گرانی بوو ؟

ــ ئەوکاتە دەستی نابڕدرێت

دەنگۆ :ــ یەعنی دەبێت دەستێ من ببڕدرێت من بۆئەوەی پارەی ئوتیلەکە بدەم هەشت بەردم دزی

کەمێک بیرم کردەوە و قیاسی بەردم کرد بە پارەی خۆمانو ووتم

ــ نا هەشت بەرد نزیکی دە هەزاری ئێمە دەکات دەست لەسەر ئەو پارەکەمە نابڕدرێت

ــ باشە گەر کەسێک بەردی زۆری دزی بوو دواتر تۆبەبکات و پارەکان بگەڕێنیتەوە بۆخاوەنەکەی هەر دەستی دە بڕدرێت ؟

ــ نەخێر ئەوکات دەستی نابڕدرێت

## <u>*ڕووناکیه زۆر ڕووناکەکە*</u>

داژیار هەر بیری لای ئەو ئایەتانەبوو کەبۆم کردبوویە کوردی وادەردەکەوێ هەر لەئیستاوە قورئانی زۆر خۆش بوێ پرسیاری کرد وتی وشەی قورئان بە کوردی واتە چی ؟
ـ واتە خوێنراوە
ــ دەتوانێت چەن ئایەتێکی ترمان بۆبکەی بەکوردی ؟
ـ وتم بۆنا دەیکەم
ــ پێنووسێکی دەرهێناو لەگەڵ تیانووسێک چەند سوڕەتێکم بۆکردن بەکوردی

نزیکی یەک کاژمێر خەرێکی بەکوردی کردنێ سووڕەتەکان بووم لەپشتمانەوە یەکێک لە کرێکارەکانی ئاو خۆی حەشار دابوو لەپاڵ تانکیەکی ئاو .. دەرکەوت جلیکی ڕەشی خۆڵاوێ لەبە بوو دەموو چاورێکی خڕی هەبوو باڵای نە بەرز بوو نەنزم کێشێ زەعیف زوو بەپێکەنینێکی ناشرینەوە نزیک دەبوەوە و بەهێواشی چەپڵەی لێدەدا و
دەی وت ـ جوانە جوانە چیمان هەیە لێرە وادیارە ئەم ڕۆچەند کەسێک سەردەبڕدرێ
ئێمەش هەموومان ترساین چوونکە کەسێکی باش دیار نەبوو ... بیرەوەر چەقۆیەکی دەرکردو وتی چارمان نیە دەبێ بیکوژین گەرنا ئێمە دەسەڵاتمان لێئاگادارئەکاتەوە و ئێمەدەکوژێت
دەستیم گرتو وتم :ـ نا من چارەی دەکەم مەترسە

## *ڕووناکیه زۆر ڕووناکەکە*

کرێکارەکەی ئاو-:ـــ ئەو کوڕە جلوبەرگ جیاوازە کێیە ؟
داژیار :ـــ ئەوە هەڵگوردە پەیامێ ڕاستی بۆئێمە هێناوە
ـــ پەیامی ڕاست بوونی نیە من گوێم لە قورئانەکەبوو کە دەیکرد بەکوردی ئەوە هەموی قسەی کۆنوپێشینانە ..... بەردەوام بوو لەقسەکرد
من هەر لەئیستاوە چەند هەڵەیەکم تیابەدی کردوە
هەڵگورد :ـــ گەر هیچ هەڵەیەکی تیانەبوو ؟
ـــ کۆمەلێک پرسیارت لێدەکەم گەر توانیت جواب بەیتەوە ئەوا دەسەڵات ئاگادارناکەمەوە لەوەی کە خەریکی ئایندارین

ـــ پرسیارەکانت بکە گوێم لێرە بەڵام دوای ئەوەی وەڵامەکانت وەرگرت یەک وشەبڵێی بەهەرکەسێک ئەنجامێکی باشی بۆت نابێ هاا
بەنازوفیزەوە نزیک تربووەوە لەئێمەو هات لەتەنیشت ئێمەوە دانیشت
گوولەبەڕۆژەیەکی لەگیرفانی دەرهێناو دەستی کرد بەخواردنی و وتی :ـــ

## ڕووناکیە زۆر ڕووناکەکە

ــ کەقورئانت دەکردە کوردی گوێم لێبوو وتت هەرچی شتی ئەم گەردوونە هەیە نووسراوە لەکتابی شاراوەدا
ــــ مەبەستت لەوحل مەحفوظە
ــ بەڵێ گەر هەمووشتێک نوسراوە خوا بۆ پەیامی ناردوە؟
بۆچی شتێ ناخۆش خەم و خەفەت ڕوودەدات خوا وای ویستوە ؟
ئایە خوا نووسیویەتی کە کەسێک بەکافری بمرێت ؟
هەموو هاوڕێ تازەکانم سەیری منیان کرد چاوەڕێی وەڵامی من بوون

ــــ وەڵامی پرسیارەکەت ئەوەیە کە بەڵی هەمووشتێک نووسراوە پەیامی ناردوە چوونکە سەر بەخۆی کردووین
شتی خڕاپیش ڕوودەدات چونکە ئەم ژیانە تاقی کردنەوەیە
زۆر ئاساییە خەموخەفەت ڕووبدا وە لەکۆتایی خەموخەفەتەکەیا بەخۆشێ و خێر بۆت دەگەڕێتەوە
وە خوا نووسیویەتی کە کەسێک بەکافری بمرێت
بەڵام مانای وانیە خۆی ویستی لێبێت
چوونکە خوا داهاتوو ئەزانی بۆیە دەیزانی فلان کەس بە کافری دەمرێت بۆیە نووسیویەتی کە بەکافری دەمرێت

## ڕووناکیە زۆر ڕووناکەکە

دەنگۆ:ـ بۆستە بۆستە واتە گەرکەسێک جنێو بەخوا بدات خوا ئەوەشی نووسی وە ؟
ــ بەڵێ دەنگۆیّ برام بەڵام ئەمە پێویستی بە ڕوونکردنەوەیە خوا نووسیویەتی چوونکە ویستی گەردوونی خوای لەسەر بوە بەڵام ماناى وانیە خوا ویستی شەرعی لەسەر بوبێت واتە ئەوکەسە ویستویەتی جنێو بەخوابدات هەڵبەتەن ئەبێت خوا رێگەی پێبدات گەرنا ناتوانێ... خوا ویستی گەردوونی لەسەر بوە بەڵام ویستی شەرعی لەسەر نەبوە بۆنمونە . من دەرگایەک ئەکەمەوە هەڵبەت ئەبێ خوا ویستی لەسەر بێت انجا ئەودەرگایە بکرێتەوە بەڵام هۆکاریّ سەرەکی کێبوو کە حەزی لێبوو دەرگاکە بکاتەوە ؟ من بووم من دەم ویست وابێ خواش دای پێم...

دەنگۆ :ـ تەواوە تێگەیشتم واتە ئەبێت بەژێرویستو دەسەڵاتی خوایا بڕوات انجا کارێک بکات بەڵام مەرج نیە خوا ئەوشتەی پێ خۆشبێت لەڕێگەی ئاینویاساکانی خۆیەوە
ــ ڕێک دەنگۆی برام
کرێکاری ئاوەکە کەمێک دانیشتوو بیری لەقسەکانم کردنەوەو تیانووسەکەی دەستی داژیاری هەڵگرت کە لەسەر پارچە تەختەیەک دانرابوو کەمێک قورئان خوێندەوەو وتی باشە من باوەڕ دەهێنم بەس بەمەرجێک

####

دوای ئەوەی وتی باوەر دەهێنم بەس بەمەرجێک :
هەموومان سەیرمان کردووتمان بلّێ مەرجەکە چیە ؟
وتی: ـ من دایکێکم هەبوو زۆرم خۆشەویست بەڵام کۆچی دوایی کرد ئەمەوێ ئەوم بۆ بکەیتە بەهەشتەکەتەوە و پێی شاد ببمەوە گەرنا باوەڕ نایەنم
بزەیەکم کردوو کەمێک پێکەنیم بەڵام هەرزوو خۆم گرت وتم نەکا وابیربکاتەوە بۆ سووکایەتی پێدەکەنم
پێم گوت ــ منو تۆو هەمووکەسێک تەنیا مرۆڤێکین من ناتوانم کەس بکەمە بەهەشتەوە
ــ نا وانیە خوا تۆی خۆش دەوێ لێی بپاڕێوە دەیکاتە بەهەشتەوە
ــ گەر کەسێک پەیامی خوای بۆ هاتبێت ڕەتی کردبێتەوە نزای هیچ کەس نایکاتە بەهەشتەوە

ـــ بەڵام دایکی من پەیامی پێنەگەیشتوە ئەو چێ لێدێت ؟
ــ هەر کەسێک ئاینی پێنەگەیشتبێت بمرێت لەودنیا پێغەمبەرێ بۆ ڕەوان دەکرێت و پەیامی پێدەگات جا لەسەرخۆیەتی بڕوادەهێنێت یان نا
دواتر کرێکارەکە ئێمانی هیناو هیوای خواست کەدایکیشی لەودنیا ئیمان بهینیت و ڕۆشت وتی گەر پرسیارم هەبوو بەیانی دێمەوە بۆلاتان
منیش زۆر دڵخۆش بووم کە باوەڕم بەویش هێنا
هەناسەکم هەڵمژی پاڵم دایەوە سەر زەویە
زەویەکی جوان هەوایەک کە هەواکەی بۆنی میوەیەکی زۆر خۆشی لێدێت گیایەکی سوروزەرد

## ڕووناکیە زۆر ڕووناکەکە

هاوڕێکانیشم لەتەنیشتمەوە دانیشتبوون لەسەر ئاینە تازەکەیان قسەیان دەکرد
منیش سەیریکی ئاسمانم کرد.
کەمێک پێڵوی چاوم نوشتانەوە
ئەی خوایە چیم لێدیارە ئەو ڕووناکیەیی لە ناو شاخەداڕماوەکە ببینینم
لەبەر ڕووناکی ئەو تەنە ڕووناکە بەڕۆژیش ڕووناکی ئەدایەوە لەئاسمان بەڵام زۆر بەزەحمەت دیاربوو
چاوەکانم زەق بوەوە و هەستامە سەر پێوبەهاوارەوە وتم :ـ

ـ داژیار داژیار
ـ بەڵێ چی بوە
ـ ئێوە ئەستێرە ناستان هەیە لەم زەویە ؟
ـ بەڵی بۆچیتە
ـ ئەبێت بڕۆم بۆلای بزانم ئەو تەنە سپیە چیە ئەوە ئەوشتە بووو منی هێنایە ئێرە
ـ بەڵێ هەمانە بەڵام لە وڵاتی کارێزە لەبیروهیچ ئەستێرەناسێک نیە
ـ بەچەند کاژمێر ئەتوانم بگەمە وڵاتی کارێز
ـ نزیکی حەوت کاژمێر
ـ بەپێ ؟
ـ هههه نا بە سواری گالیسکە

## ڕووناکیە زۆر ڕووناکەکە

ــ هەرچۆنێک بێت دەبێ بگەمە ئەوی
ــ بەڵام نزخی گالیسکە گرانە  پێویستت بە  سی بەرد هەیە لێرەوە بۆ  وڵاتی بیرو پێویستت بە چل بەردی تریش هەیە بۆ گەڕانەوە
ــ کێشەنیە  کاردەکەمو پەیدای دەکەم
ـ جگە لەوەش ئەستێرە ناسەکانی  ئەویً پیاوانی پیروبەتەمەنن زۆر پارە پەرستن  داوای نرخێکی زۆر بەرد دەکەن  بۆ  هەر پرسیارێک     پەنجا بەرد وەردەگرن
دوای قسەکانی داژیار  دەستم کرد بەگیرفانم دا بەردەکانم ژمارد نزیکی 31 وردە بەردم پێبوو  کە قەبارەیان کەمێک لە هەڵماتێک بچوک تر بوو

دەستم کرد بە لێکدانەوەی بڕی ئەو پارانەی کە بۆ گەشتەکەم پێویستمە  .......
پێویستم بە170 بەرد هەیە
ڕۆژانەکەشم 20بەردە  وە پێویستم بەخواردنو خواردنەوەش هەیە هەرڕۆژ شەش بەرد وە پێویستم بە شوێنی مانەوەش هەیە لە ئوتیل کە دەکاتە هەشت بەرد کەواتە مانگێک ئەبێت لەم شوێنە بمێنمەوە کە زەنگە گەورەکە لێدرا  زەنگی  عەسر  کاتێ نانی هەر سێ وڵاتە گەورەکە دەستی پێکرد

*ڕووناکیە زۆر ڕووناکەکە*

ئێمەش بەکۆمەڵ ئەو شوێنەمان جێهیشت   جگە لەماردین
کرێکاری ئاوەکەنەبێت دوای باوەڕهێنانی   ئەو ڕۆشت  بۆ
کێبڕکێی ئەسپ سواری....
بەڕێوەبووین بۆ چێشت خانە بچووکەکەی  دوێنی چووینە ژورەوەو
سڵاومان لەکاک ڕەنوێرکرد
کاک ڕەنوێر  پیاوێکی تەمەن 35ساڵ بوو  جلێکی سپی لەبەر
بووکە کەمێک تۆزوخۆڵی گرتبوو وە کڵاوێکی ڕەش  لەسەری
لەگەڵ خێزانەکەی بەرزین خان . بەرزین خان  خواردنی
ئامادەدەکرد لەپشتی خواردنگاکەوە   مام ڕەنوێریش خواردنەکانی
بۆ موشتەریەکانی ئەبرد
ناو چێشت خانەکە زۆر قەڵەبالغ بووئێمەش  خواردنەکانمان
بردە دەرەوە لەناو باغی  چێشت خانەکە دانیشتین

####

بیرەوەر کەوچکێک برنجی کردە دەمیەوە و وتی
ــ دەزانی هەڵگورد بیرم لەوەکردۆتەوە هەموو سەر زەوی بکەم بە باوەڕدار
ــ شتی واناکرێت گەر بزانن ئێمە ئایندارین ئێمەش دەکوژن
ــ دەزانم بەڵام لەتۆ ڕادەبینم کە شتێک بکەی باوەڕ بەهەموویان بهێنی
ـ لەکوڕێکی 19ساڵ ڕائەبینی کە بەرام بەر سێ وڵات ڕاوەستێ ؟
داژیار:ـ جارێ با هەڵگورد گفتوگۆ لەگەڵ ئەستێرەناسەکان بکات دواتر بیرلەبڵاوکردنەوەی ئاین دەکەینەوە
دوای خواردنەکە هەر وەک ڕۆژێ دوێنی منو دەنگۆ ڕۆشتین پێکەوا ئووتێلێکمان بەکرێ گرت و لێێ ماینەوە

ڕۆژهاتوو ڕۆژ چوو هەرخەرکیی کارکردن بووم
وە جگە لەم پێنج کەسە هیچ موسوڵمانێک لەسەر زەوی نەبوو
ڕۆژانە دوای نێوەرۆ چەند کاژمێرێک دادەنیشتم فێرێ ئاینم دەکرڕدنو باسی گەورەیی خوام بۆ دەکردن
وە منیش ڕۆژانە زۆر ماندوو ئەبووم زۆر زۆر کارم دەکرد تابتوانم ڕۆژانەی تەواو وەربگرم
بەجۆرێک ماندوو بوبوم خەریک بوو پەشیمان ببمەوە لەگەشتەکەم بۆلای ئەستێرە ناسەکان ڕۆژانە هەموو لەشم دەبوە ئارەق پێش خۆر هەڵاتن ئەچووین کارمان دەکرد تا خۆر لەئاسمان لاردەبویەوە بەبێ ئەوەی خولەکێک بوەستم لەبەر گەرمای هاوین خەریکی کارکردن بووم

## ڕووناکیه زۆر ڕووناکەکه

پێستم کەمێک سوتابوو ڕەنگی گەنمیم گرتبوو سەرشانەکانی جلەکانم هەمووی دڕابوو دەستەکانم شەق شەق بوبو خاوەن کارەکە دەیوت کەمێک پشو بدە هەموان دەیان وت تۆ زۆر خۆت ماندوو دەکەی بەڵام من هیچ گوێم پێنەدا بەم جۆرە ڕۆشت تا بیستو پێنج ڕۆژم بەڕێ کرد قژم درێژ بوبو بەجۆرێک ئەم توانی بیبەستم ڕیشیشم کەمێک درێژتردەردەکەوت وە کێشم زۆر دابەزی بووچوونکە خواردنم زۆر ناخوارد بۆئەوەی پارەکۆبکەمەوە بۆ گەشتەکەم بەڵام بیستوپێنجەمین هەمووشتێک گۆرا.......

###

### هاوڕێ کۆنەکەی هەڵگورد:ـــ

بیستو پێنج ڕۆژ بەسەر ونبوونی ڕۆشتوە
منیش خەریکە باوەڕ بەمردنی هەڵگورد ئەکەم تائیستا هیچ هەواڵێکی نیە
براگەورەکەی هەڵگورد لەم ماوەیەدا شەعرەنووسراوەکانی هەڵگوردی کرد بەکتێبێک و بڵاوی کردەوە وەک وەفایەک بۆ هەڵگورد
یەکێک لەشاعیرە گەورەکانی کوردستان شەعرەکەی هەڵگوردی زۆر بەدڵ بوو ویستی نووسەرەکەی ببینێ بەڵام کە لەوەڵامدا وتیان مردوە دڵی توندبوو بۆیە شەعرێکی جوانو گەورەی لەسەر هەڵگورد نووسی

ئێمە هەمووومان بیری هەڵگورد ئەکەین ڕاستەکەسێکی هەژارە بەڵام زۆرمان خۆشەوێت

## بیستوپێنج ڕۆژ لە زەویە سەمەرەکە
## هەڵگورد :ـ

لە ڕۆژی بیستوپێنجەمینا داژیار بە هەناسە بڕکێ هات بۆلام و وتی
ــ هەڵگورد دایکوباوکم ..... کەمێک هەناسەی هەڵمژی وتیەوە دایکۆباوکم ئەوپارچە وەرەقانەیان بینیوە کەقورئانی بەکوردی تێدایە بۆیە خوێندوویانەتەوەو
زۆر توڕەبوونە سەربازی ئەوناوچەیەیان ئاگادارکردۆتەوە کە کوڕێک ئاین بڵاو دەکاتەوە بۆیە ئەبێت هەر ئیستا بڕۆین بۆ وڵاتی کارێز گەرنا دەکوژرێین
ــ من پارەی تەواوم نیە یەشتا پێویستم بە بەردێ زیاترە
ــ شێت بووی دەڵیم دەکوژرێی دەبێت ڕابکەین من بەشێک لەپارەکەی خۆمت پێدەدەم پێکەوە ئەڕۆێن بۆ کارێز زوو بیرەوەریش ئاگاداربکەوە هەر سێک مان کەمێکی تر دەرەچین

هەردوکمان بە نهینی ڕۆشتین بۆ لای بیرەوەربەبێ ئەوەی هیچ بڵێین دەستم گرتو وتم ششششش هیچ مەڵێ بە دزیەوە ڕۆشتین بۆ ناو دارستانەکەی باشورێ بیرو کە پێنج خولەک ڕێ بوو لەوێ بەدەنگێکی نزم داژیار پێی وت کە دایکوباوکی ئاشکرایان کردوە بیرەوەریش بەدەنگێکی بەرزو دەموچاوێکی گرژەوە وتی:ـ چۆن .... ئەی نەت دەزانی ئەبێت ئەوپەڕانە بشاریتەوە ؟؟
ـــ بەڵێ دەم زانی بەڵام بەئەنقەست پەڕەقورئانەکانم نەشاردەوە بۆئەوەی بیخوێننەوە و باوەڕبهێنن بەڵام نەم زانی وای لێدێت

## <u>رووناکیە زۆر رووناکەکە</u>

هەڵگورد :ــ چی بەئەنقەست ؟  وابزانم  من لەتۆ باشتر ئەزانم
حوکمێ ئایینداری لەم وڵاتە چیە  بۆچی ئاشکرات کرد  نابینی ئیستا
کەوتوینەتە چی حاڵێکەوە ؟
ــ ببورە  هەڵگوڕد نەم زانی وایێ لێدێ
ـ دەبوایە بت زانیایە دەبوایە
ڕاستی کەمێک توڕەبووم لە داژیار   هەرتاوێکی کەم هاتمەوە
هۆش خۆم  چونکە ئەم زانی نیەتێکی باشی هەبوو
دواتر وتم:
ــ بیرەوەر کوا  دەنگۆ ؟
ـــ ڕۆشت بۆ وڵاتی  سەودا  چەند ڕۆژێکی تر دەگرێتەوە
دەیویست هەندێک کەلوپەل  بهێنی  پێنج ڕۆژی تر لەگەڵمان بێت
بۆ کارێز  بەستەزمانە ئاگای لەئێمەنیە کە خەریکین ئەم ڕۆ
دەرۆین

ــ کاتمان نیە ئەبێت بەجێی بهێڵین زوو کەلوپەلتان کۆبکەنەوەو
کەمێکی تر ئەڕۆین تاکو سەربازەکان نەمانگرنو بمان کوژن
نامەوێ لەم زەویە بمرم
هەردووکیان خۆیان ئامادەکردن کەمتر لەکاژمێرێک
داژیارکتابێکی گەورەی بەتاڵی هێنا لەگەڵ خۆیا
لێم پرسی بۆچیتە
وتی  گەشتەکەمان نزیکی حەوت کاژمێری  پێدەچێت
ئەمەوێ لەنێو گالیسکەکە هەموو قورئان بکەین بەکوردی بۆمان
وتم ــ باشە بەس بەمەرجێک ئەویش ئەوەیە  تاخۆم فەرمانت
پێنەکەم کتابەکە نیشان کەس نەدەیت
ئەویش وتی ڕازیم

ڕۆشتین بۆ خۆر ئاوای وڵاتی بیرۆ لەوێ گالیسەکەیەکمان دۆزیەوە
هەریەکو سی بەرمان پێدا بەڕێ کەوتین بەرەو وڵاتی کارێز
بەخۆرەکەیا وادەردەکەوت کە دەخولەکی مابێت بۆ کاژمێر هەشتی
بەیانی ڕاستی لەم وڵاتە کاژمێر نەبوو بەجوڵەی خۆرو مانگ
کاریان دەکرد
لەدڵی خۆما وتم ئەبێت ئەو وڵاتە چۆن بێت کە ئاوبۆهەردوو
وڵاتەکەی تریش دەنێرێت
لەسەر شاخێک بێت پڕەلەئاو ؟
یان وڵاتێکی تەخت کە دەوروبەری هەمووی ئاوە
لەڕێگای چوون بۆ کارێز لەڕێگا خەرکیی بەکوردی کردنی
قورئان بوین بەڵام کابرای خاوەن کالیسکە سەرخۆش بوو
لەکاتی بەکوردی کردنی قورئاندا قسەی هەڵەقوبەلەقی
دەکردوخەریک بوو کارەکەمان لێتێک بدا

بیرەوەر وتی :ـ هۆوو کابرا بەسە ئێمە نەوەد بەردمان پێ داوی
جگە لە بردمان بۆکارێز بێدەنگیشمان دەوێ
کابراش دەیوت :ـ من یەکەم جارمە کورێک ببینم وەکو تۆ
دووپێی هەبێ زۆر سەیرە
بیرەوەریش ڕوی کردە ئێمەو وتی ـــ ئەم گەمژەیە
جەوی تێکداوم بابڕۆم هەندێکێ لێبدەم
منیش وتم ـــ لێگەری خۆی چاک ئەبێت
کابرای خاوەن گالیسکە :ـــ باشە گەر کەسێک ناوی دیاربێت
ونبێت چی یەعنێ دیار دیار نیە ؟ ئەی هاوار لەم ژیانە
لەوانەشە دیار دیار بێت بەڵام لای ئێمەوە دیار نەبێت

## ڕووناکیه زۆر ڕووناکەکە

ڕاستی قسەکانی کۆمیدیێ بوو بەڵام من هەر ڕقم لەکەسانی سەرخۆشە جگە لەوەش ئێمە کاتمان نەبوو بۆ کۆمێدیێ لەئەرکێکی زۆر گرینگا بووین ..ئەویش بەکوردی کردنی قورئانە.......!!!!

داژیاریش بەپێکەنینەوە ئەیوت :ـ خەجاڵەتی لای تۆین کوڕە بیانیەکە نازانم بۆ ئەمەمان توش بوە

نزیکی حەوت کاژمێرونیو بەڕێوەبووین نەگەیشتینە جێگا لەبەر ئەوەی پیاوەسەرخۆشەکە بەسەرخۆشێ خەریکی لێخوڕینی بوو ....

کەقورئانەکەمان هەموو کردە کوردی داژیار دڵی ئاوی خواردەوەوقورئانەکوردیەکەی گرتە باوەش دواتر کردیە ناو چامتاکەیەوە

دواتر بیرەوەر خۆی پێنەگیرا لەقسە بێتامەکانی خاوەنگالیسکە وتی ئەرێ زەلام تۆ ناوت چیەەە

ـــ هۆشیار کوڕم هۆشیار

هەرسێکمان دەستمان کردە پێکەنین بەکاک هۆشیارێ بێ هۆش گەرەو دەکەم تائیستاش نازانی بۆ گوێ دەڕوات

گەر بیرەوەر ڕێگاکە شارەزانەبوایەو بەکاک هۆشیارێ نەگوتبا ئیستا نەمان دەتوانی بڕۆین بۆ کارێز

لەناوڕاستی پێکەنینا لەگالیسکەکە سەرم دەرکردو لەدوورەوە وڵاتێ کارێزم دەرکەوت

#####

## ڕووناکیە زۆر ڕووناکەکە

وڵاتێک کە کۆمەڵەکردێکی گەورە لەپشتیەوەیە لە بان گردەکەش
تەختاییەکی زۆر فراوان ڕووبارێکی گەورە لەسەر گردە پانەکە
وەستاوە ڕووبارەکە بەجۆرێک گەورەیە کە چوار کاژمێر ڕێگایە
بەبەلەم
وڵاتەکەش بەسەوزاییەکی زۆر داپۆشراوە نزیک تربوینەوە بینیم
باخچەی بەفانۆزڕازاوەو دووکانە پڕ شتومەکەکان ئەی خوایە
چەند دیمەنێکێ جوانە
جۆگەلەی ئاو لەناو شارەکە تروسکەی دەدایەوە چەند لقێکی
گەورەش لەڕووبارەکە ئاو ڕاکێشرابوو
خانووەکانی لەخانووی گوندو لادێ ئەچوو بەڵام بە خشتی تایبەتی
دروست کرابوو جوان و ڕازاوەکرابویەوە

چووینە بەردەم دەرگای کارێز دەرگاکەی دەرگایەکی ئاسایی بوو
دەرگاوانەکان بەجلە ڕەساسیەکەوە هاتەپێشمانو وتی ــ
بەخێربێن بۆ وڵاتێ کارێز وادیارە لەبیروەوە هاتوون زۆر ماندوو
برسی دیارن گەردان کەمێک ئاوی ڕەونەقیان بۆبێنە

بیرەوەر دەمی نابەگوێمەوە و بەدەنگێکی نزم وتی ئاوی ڕەونەق
لەبەر زۆری مادەێ بەسوود تێیدا ئەتوانی وات لێبکات هەست بە
تێنوێتی و برسێتی نەکەین

## ڕووناکیە زۆر ڕووناکەکە

ــ گەر وابێت ئاوێکی زۆر گران بەهایە بەشی ئەوە بەردمان پێنیە چیبکەین ؟
کەمێک پێکەنی و وتی ــ نا نووکتەباز ئەم ئاوە بەخۆڕاییە وەکو نەریتی کارێز هەرکەسێک بێت بۆ ئێرە ئەم ئاوەی پێدەدەن
دادە گەردان هاتە خوارەوەلە ژوورەبەگوڵ ڕازاوەکەی چوار پەرداخی بۆ ئێمە هێنا ئێمەش لێمان خواردەوە
تامی ئاوەکە وەک تامی بەفر وابوو کە لەگەڵ شیرینیەکی تایبەت تێکەڵ بکرێت
بەخێرهاتمان لێکراو گالێسکەکە بەڕێکەوت بۆ ژوورەوە...

سەرەتا بەبەردەم کێلگەکانی وڵاتەکەدا ڕۆشتین ...
کێڵگەی گەورە گەورەی باڵندەی ڕەنگاو ڕەنگ وە مانگای گەورەو تێر نزیک ترو نزیک تر دەبوینەوە لە ئامانجەکەمان
تا هاوارێ ژنێک بێ دەنگێ لەگوێمدا شکاند.....
ـــ بەهاوارم وەرن کچەکەم خەرێکە کەڕ دەبێ بەهاوارم وەرن لەکاتی هاوارکردنا گریان تێکەڵ بەقسەکانی دەبوو چەند کەسێک کۆ بوبویەوە هەر سەیرێ ئافرەتەکەو کچەکەیان دەکرد....

منیش تورەبووم لە بێ کاردانەوەییی ئەو خەڵکە بە خاوەنگالیسکەم وت لێرە دامان بگرە بڕۆبەلای کارێ خۆتەوە.....
بیرەوەر :ــــ بەڵام جارێ کەمێک ماوە بگەینەتاقیگەی شارو دواتریش بگەینە لای ئەستێرەناسەکان
ــــ نەخێر لێرە دائەبەزین
ــ سەیرکە هەڵگورد ئەو مناڵە بەتۆ چاک ناکرێت ئەو تازە هەر کەڕ دەبێت
من دابەزیمو دەژیارو بیرەوەریش بەدوای منداهاتن بەخێرایی ڕۆشتم بەڕەو هاواری ژنەکە کە لەتەنیشت کێڵگەی مریشکەکانەوە دەرگیاو هاواری دەکرد

ڕۆشتمە پێشەوە وتم لاچن چی بوە
ژنەکە بەگریانەوە وتی کچە دە ساڵانەکەم ئەم نیوەڕۆیە دانی بە مریشکەکان داوە بەڵام لەوێ خەوی لێکەوتوە و کۆمەڵە مێرولەیەک چوونەتە ناو گوێچکەکانیەوە
منیش وەڵامم دایەوەو وتم ــ جامێرولە چی پێئەکرێت

پیاوێکی کارێزی ــ گەنجەکان ئێوە خەڵکی ئێرە نین شارەزای ئەم ناوچەیە نین لێرە مێروولە بڕواتە گوێی هەرکەسێک هەموو خانەکانی دەخواو گەڕی دەکات
ــــ بۆچی میرولە وادەکات ئەی بۆچی لەدوو وڵاتەکەی تر شتی وابوونی نیە مێرولەکان ئاسایین ؟؟

## ڕووناکیە زۆر ڕووناکەکە

پیاوەکە کەمێک سەرێ نوشتانەوە بەدەموچاوێکی خەماویەوە وتی
پێنج سەت ساڵ پێش ئێستا شانە مێرولەیەک لە خۆر هەڵاتی کارێز
هەبووو شانە مێرولەیەکی زۆر زۆر گەورە زاناکانی ئێمە
دەرمانیان بە خۆڵی ژێر مێرولەکان دروست دەکرد بەڵام .....
کەمێک بێدەنگ بوو دواتر دەستی کرد بەقسە
ـ بەڵام ڕۆژێک پاشا کۆمەڵێک پیاوماقولی پانگ کردبوو
بۆخوانێکی ڕازاوە لەنێو میوەکانا میرولەیەکی زۆر هەبوو
پاشاش فەرمانی کرد هەموو شانە مێرولەکە بەئاوی گەرم کراو
بسوتێنن

لەوڕۆژەوەی سەربازەکان ئەوکارەیان کردوە سروشتی مێرولەکان
تێکچوە ئەچنە ناو دەمولووتی مرۆڤەکانەوەو دەیکوژن یان ئەچنە
ناو گوێیەوە و گەڕی دەکەن
منیش چوومە پێشەوە لەکچە بچووکەکە وتم من چارەی دەکەم ....
دایکەکە وتی ــ لێتەپاڕێمەوە زوو فریایی بکەوە
کەمێک نزیک بومەوە لە کچە بچووکەکە چاوەکانم داخست و
بەشێوازی خوێندەوەی قورئانی وتم : وَحُشِرَ لِسُلَيۡمَٰنَ جُنُودُهُۥ مِنَ
ٱلۡجِنِّ وَٱلۡإِنسِ وَٱلطَّيۡرِ فَهُمۡ يُوزَعُونَ حَتَّىٰٓ إِذَآ أَتَوۡاْ عَلَىٰ وَادِ ٱلنَّمۡلِ
قَالَتۡ نَمۡلَةٞ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّمۡلُ ٱدۡخُلُواْ مَسَٰكِنَكُمۡ لَا يَحۡطِمَنَّكُمۡ سُلَيۡمَٰنُ وَجُنُودُهُۥ
وَهُمۡ لَا يَشۡعُرُونَ

## ڕووناکیە زۆر ڕووناکەکە

خەڵکەکە هەمووی سەیریان دەکردم نەیان دەزانی چیَ دەڵێم
چوونکە زمانێ تر جگە لەکوردی تائیستا نەبیسترابوو
هێواش هێواش مێرووولەکان هاتنە دەرەوە لەگوێی کچەکە وە خوێن لەگوێجگەی هات
خەڵکەکە دەستی کرد بەهاوار کردن
ــ ئەمە باوەڕ پێنەکراوە چۆن توانی لەکەڕبون ڕزگاریَ بکات
ــ سەیری بکەن لەگەڵ مێرولەکان قسەدەکات
یەکێکیَ تر وتی :ــ ئەی هاوار ئەمە جادووە
هەستامە سەرپێو پیرە پیاوێک دەستی خستە سەرشانم و وتی
چەندت پارە دەویَ دەت دەمیَ
پێدەچوو باپیرەی کچەکەبێت
ئافرەتێکی تر وتی :ــ ئەتوانی بەو بەهرەیەت ببیت پزیشکی ئەم وڵاتە تۆ ئەتوانی نەخۆشی مێروچارەبکەی
منیش :ــ وتم ڕاوەستن ڕاوەستن با هاوار بەس بێت
من هیچ پارەیەکم ناویَ ......
هەموو بێدەنگ بوون. انجا وتم ـ
وە نابمە پزیشک چوونکە بەخوێندنی ئەو وشانە تەواو نەخۆشیَ مێوولەنەما
دایکەکە دەستمی گرتو ویستی ماچی بکات دەستم دەرهێناو وتم
هەڕ بەراست من ئەوەشم ناوێت چوونکە من ئەوەشم نەکردوە

## *ڕووناکیە زۆر ڕووناکەکە*

مێشکیان پڕکردم لە وشەی ( ئەمەجادوە ئەمە جادوە)
هەتا خەریک بوو ئاشکرای بکەم کە خوای من چاکی کردەوە
هاتمەوە سەر خۆم و
دایکەکە بەهەموو توانای قسەکردنو زمانیەوە دەستخۆشی لێکردمو سووپای کردم
منیش هەر بەپەلە لەناو خەڵکەکە دەرچووم نەم ویست ئاشکرا بم خەڵکەکەم لەخۆم ون کرد بەدواشم دا داژیاروبیرەوەر دەهاتن هەردووکیان شۆک بوبون لەوەی بەر لەئیستا ڕوویدا

داژیار:ـــ چۆن ئەوەت چاکردەوە یانیش تۆ توانایەکی جادوویت هەیە ؟
بزەیەکم کرد و وتم :ــ من چاکم نەکردەوە بەڵکو ئەو ئایەتەی سورەتی مێرولەم خوێنایەوە بەئیزنی خوا چاک بویەوە
بەپێکەنینێکی گەورەوە وتی :ــ بەڕاستی سەرسوهێنەربوو

####

## ڕووناکیە زۆر ڕووناکەکە

دوای ئەو گفتوگۆیە بەخێرایی ڕامان کردو لەوێ دورکەوتینەوە نەکا خەڵکەکە بمان بینن و ئاشکرابین
منوبیرەوەر شوێن داژیار کەوتین هەتا گەیشتینە بەردەم تاقیگەیەک کە ئەستێرەناسی تێدابوو من 140 وردە بەردم پێبوو لەنێو جام تاکەی داژیاردام نابوو
وە بیرەوەریش تەنیا پارەی هاتووچۆی هێنابوو وەئیستا 40بەردی پێماوە
داژیاریش چوونکە بەتاوانی خۆی زانی کە ئاشکرای کرد ئایندار ی سەرێ هەڵداوە لەوڵاتی بیروبڕیاری داوە پارەی هەموو گەشتەکەم بۆخەرتان بکات وە ئیستاش 120بەردی پێماوە کێشەی پارەمان نەبوو تا غارمان دا بۆدەرگای تاقیگەی ئەستێرەناسی....

تاقی گەکە لەدەرەوە لەقوتابخانەکانی کوردستان دەچوو لە کانزایەک پێک هاتبوو کە زۆر لەبەرد دەچوو بەڵام بەرد نەبوو لەناوەوەش لەچەند ژورێک پێکهاتببوو هەنێک لەوژوورانە سەقفی شووشەبوو
هەندێکیشی بە کانزا نەزانراوەکە داپۆشرابوو چوینە ناو تاقیکەگە ژووری ئەستێرەناسەکان بە ڕووکاری دیوارەکەیانەناسرایەوە ویستمان دەرگاکە بکەینەوە پاسەوانێک لەدورەوە هاواری کرد .... ببورن ببورن

هەڵگورد :ـ چی بوە ؟
چوونکە ژوورەوە بۆ هەرکەسێک بە 50بەردە
ـــ چی پەنجا بەرد ئاخر بۆئەوەندە پارەپەرستن پەنجا بەرد تەنیا بۆ چوونە ژورەوەیەک خۆ هیچ پرسیارمان لە ئەستێرەناسەکان نەکردوە
ـــ ئەمە یاسای تاقیگەکەیە بەڕێز
ڕووم کرد لە داژیارو وتم گەر بۆ هەریەک کەس پەنجا بەردێ پێبدەین بەردمان نامێنی بۆگەڕانەوە بۆ بیرو
بیرەوەر وتی من نایەمەوە ژورەوە چاوەڕێ دەکەم لەدەرەوە
منیش 50بەردم پێدا 90 بەردم بۆمایەوە
داژیاریش هاتە ژورەوە 70 بەردێ مایەوە

لەژورەوە دووپیاو دانیشتبوون یەکیان بە 55ساڵی دەکرد بەتەلیسکۆبەکەی لەمانگی دەڕوانی ئەوی دی زەعیفێک بوو کە لە سێ ساڵ دەچوو خەریکی نووسین بوو
سڵاوم کرد لێیان و پیاوەپیرەکەهاتە پێشەوە وتی وەڵامێ هەر پرسیارێک بە 100 بەردە
ـــ چیی سەت بەرد ئەی بۆچی لەسەر دەرگای تاقیگەکەت نووسراوە بە 50بەرد
دەستی کردە پێکەنین بە پێکەنینی ناشرینەوە قسەی دەکردو دەی وت :ـــ ئەوە تەنیا بۆ کەسانی کارێزییە هەرکەسێک لەولاتێکی ترەوەبێت دووئەوەندە پارەوەرەگرین

ــــ چی  مێشکت  لەدەست داوە پیرە پیاو  من کوردم تۆ کوردی
هەر سێ وڵاتەکەش هەر کوردن  جیاوازیمان چیە ؟
ــ  من خەڵکی وڵاتی خۆم خۆش دەوێ و ڕقم لە دووو وڵاتەکەی ترە
بەدڵێ خۆمەو نزخ دووئەوەندە دائەنەم
لەکاتی قسەکانی ئەو پیاوەدا  نووقمی خەیاڵوقسەبووم مێشکم پڕی
بو لە قسەو گوفتار لەدڵی خۆما ئەم وت:
باشە بۆچی ئێمەی کورد ئەوەندە ڕقمان لەیەکە؟؟

بۆخاتری خوا لەم  زەویەش کورد پشتی یەک ناگرێت  فەرق و
جیاوازی لەنێوان کوردا ئەکەن

لەوکاتەیا قسەیەکی  شاعیری کورد جگەرخۆینم بیرکەوتەوە کە
دەی وت: ئەگەر  یەک نەبین .. یەک بەیەک ئەمرین

## ڕووناکیە زۆر ڕووناکەکە

بەپیاوەبەتەمەنەکەم وت ڕازیم دە بەردم لە داژیار سەند بەوەی خۆمەوە کردیە سەت بەرد بەردەکانم داپێی و ژماردێ و کردیە ناو فەردەیەکی بچووکی ڕەش
لەسەر کورسیەکە دانیشتوو وتی پرسیارەکەتان چیە بزانم
ـــ مانگێک بەرلەئیستا ڕووناکیەکم بینی لەئاسمانی وڵاتێ بیروزۆر ڕووناک بوو جیاواز لە هەموو ئەستێرەکی تر ئەو ڕووناکییە چیە پێویستە بزانم
ـــ ئەستێرەی وریشە دەڵێی کەجیاوازە لەئەستێرەکانی تر وەک تۆپەڵی هەور وایە
ـــ بەڵی بەڵێ

لەسەر کورسیەکەی هەڵسایەوە لەسەفقە شوشەکەوە سەیریکی ئاسمانی وڵاتی کارێزی کرد چوە لای دۆڵابێک کۆمەڵێک پارچە وەرەقەی لەناو دۆڵابەکە دەرهێناو خوێندیەوە و هاتە بەردەمی منو داژیار
وتی :ـــ ئەستێرەی وریشە ئەستێرەیەکە ڕەنگە سپیەکەی توانای هەیە ڕەنگی سپێتیش ببڕێت ناو ئەستێرەکە بۆشە ئەستێرەیەکی لەسەرخۆیەبە هێمنی لەئاسمان جووڵەدەکات هەندێک لەئەستێرەناسەکانی کۆن دەڵێن ئەستێرەی وریشە تەنیا خەیاڵی ئاسمانە ماوەتەوە گەرنا ئەو ئەستێرەیە لەم زەوییە بوونی نیە ڕووم کردە داژیارو وتم :ـــ چوار ڕۆژ پێش ئەوەی تۆ بناسم ڕۆژێ چەندی چەند بوو؟

## <u>ڕووناکیە زۆر ڕووناکەکە</u>

داژیار:ــ ڕۆژی یەکی مانگی حەوت بەساڵێ نووحی
انجا ڕووم کردە ئەستێرەناسەکەو وتم :ـ ئەو ڕۆژە ئەو ئەستێرەیە لەکوێی ئاسمان ڕاوەستابوو
ئەستێرەناسەکە وتی :ــ لەناو ڕاستی ئاسمان وەستابوو زۆر زیاتر ئەدرەوشایەوە ......
ئەها لەبیرم چو وەهەروەها هەندێک لەکارمەندەکانی ئاو دەڵێن ئەو ئەستێرەیە لەڕووبارە چەماوەکە ڕووباری باشووری وڵاتی بیروو ڕوونایەکی زۆر بەتینی هەبوە کە بەشەو ڕووبارەکەی ڕوناک دەکردەوە دەت وت مۆمێکێ گەورە لەناو ڕووبارەکە داگیر ساوە دواتر یەک شەوڕۆژ بەردەوام بوەو نەماوە

دوای قسەکانی ئەو پیاوە زانیتم چۆن گەیشتومەتە ئێرە دانیشتم وبیرم لەقسەکانی ئەو ئەستێرە ناسەدەکردەوە
لەپاشان بەخێرایی هەڵسامە سەرپێو وتم :ـ باشە ئەو ئەستێرەیە چەند ساڵ جارێک ئەچێتە ناوەڕاستی ئاسمان وە ڕووناکیەکەی لەڕووبارەکەئەدات ؟
ئەستێرەناسەکە سەیریکی هاوکارەکەی کردنو وتی :ئمممممم سەت بەرد
ــ چی سەت بەردی ترت پێبدەین ؟
ــ بەڵێ بۆ هەر پرسیارێک سەت بەردم ئەوێ

*<u>ڕووناکیە زۆر ڕووناکەکە</u>*

داژیار دەستی خستە سەرشانم و وتی:ــ من 60بەردم پێیە بیرەوەریش 40بەردی پێیە بەهەردووکی دەکاتە سەت بەرد و وەڵامێ پرسیارەکەت دەست دەکەوێ

ــ مەحاڵە شتی وابکەم ئەبێ ئێوە بڕۆنەوە وڵاتەکەی خۆتان پیوستتان بەو بەردانەیە

ــ سەیرکە هەڵگورد ئێمە 100بەردمان پێیە بەشی گەڕانەوەی تۆ ناکات ئێمەش لەوێ تۆ جێنایەڵین

باوەشێکی توندم کرد بەداژیارەو بەئەستێرەناسەکەم وت یەک خولەک بوەستە دەچمە دەرەوە و بەردەکانێ ترت بۆ دێنم

ـــ کەچووینە دەرەوە هاتنە ژوورەوە بە پەنجا بەردە

هاوارم کرد و وتم :ــ چیی ئەکرێت ئەوەندە زاڵم بیتو چاوت لەپارەبێت

ــ هەرئەوەیەئیتر گەر زۆر دەنگە دەنگئەکەن بەسەربازەکان ئەڵیم بت کەنە دەرەوە

**بیرەوەر:ـ**

لەبەردەم دەرگای تاقیگەی ئەستێرە ناسیەکە دانیشتبووم گوێم لێنەبو چی ئەگوزەرێ لەژوورەوە تەنیا جاروبارگوێم لەهاواری هەڵگورد ئەبوو
ــ بەڕێزەکەم تا دەرەوە لەگەڵمان وەرە
ــ تۆ کێی ؟
ــ من کارگوزاری ئیرەم لەبەردەم دەرگاکە مەوەستە کەمێکی تر هاوڕێکانت دێنە دەرەوە هەتا ئەوکاتە دۆلابێکی گەورە لەدەرەوەهەیە لەگەڵمان هەڵێ بگرە....
منیش گەورەییم نوانو لەبەر خواکەم بەرێ کەوتم یارمەتیان بدەم بەدوای کارگوزارەکە کەوتم تا چوومە ناگۆڕەپانی تاقیکەگە کۆمەڵێک پیاو ڕاوەستابوون بەدیار دۆلابێتەوە
یەکیک لەپیاوەکان بەزەردەخەنەیەکەوەوتی :ــ سڵاوت لێبی ئەی گەنج زۆر بەهێز دیاری وادیارە ئەم ڕۆ توانای تۆمان بۆدەرەکەوێت

**داژیار:ــ**

هاوارو توڕەبوونەکەی هەڵگورد ئەم ژوورەیَ پڕ کردبوو
پیاوە پیرەکەش بە 60بەرد ڕازی نەئەبوو نەشی دەیەڵا بچینە
دەرەوە بەردەکانی بیرەوەر بهێنین
لەناو ئەو موناقەشەیەی هەڵگوڕدو ئەو پیرەپیاوەیە
هاوکارەگەنجەکەی لەسەر کورسیەکە هەڵسا قەڵەمێکی بەدەستەوە
بوو چاکەتێکی شینی گەورەشی لەبەر بوو
بەهەڵگوردی وت پرسیارێکت لیَ ئەکەم ئەی لاو گەر زانیت
وەڵامی پرسیارەکەی تۆ دەبێتە خۆڕاییی
انجا بەردەوام بوو لەقسەکردن:ــــ دەزانم تۆ ئایندارى پرسیارێکت
لێدەکەم گەر ئاینەکەت ڕاستە باخواکەت لەکتابەکەتا جواب باتەوە
منو هەڵگورد ترسمان لێنیشا لەپرسیارەکەی نا لەوەی خەڵکمان
لێئاگاداربکاتەوەو بمان کوژن
هەڵگورد بوێرانە وتی :ــ ڕازیم
هەڵگورد داوای قورئانەکەی لێم کرد قورئانەکەم لەناو جامتاکەدا
دەرهێناو دامە دەستی
دڵم ترپە ترپە لێی ئەدا چاوەڕێی ئەوەبووم پرسیارەکەی
لەهەڵگورد بکات
هەڵگوردیش دەموچاوی تورەوپەلە دەردەکەوت هیچ ترسێک لەناو
چاویَ نەبوو

## ڕووناکیە زۆر ڕووناکەکە

ئەستێرەناسەگەنجەکە:ـ ئەی لاو قورئانەکەت ئەڵێ ئاسمانو زەوی چۆن دروست بووە ؟

هەڵگورد :ــ بەپێوەوەستابوو قورئانەکەشی لەبەر دەستبوو دەستێکی بە ڕیشی داهێناو هەناسەیەکی زۆر قوڵی هەلمژێ قورئانەکەی کردەوە و بەدەنگێکی نزم لەبەر خۆیەوە دەی وت :

ئمممم کوا کوا ......

ئەها دۆزیمەوە ..

چومە پێشەوە وتم دۆزیتەوە ؟

ــ بەڵی دۆزیمەوە

ڕووی کرد لەدووئەستێرەناسەکەو وتی:ــ

سورەتی الانبیاء نیشانی 30 کەناوی بابەتەکەیە دەڵێت ئاسمانو زەوی یەک پارچەبوونە دواتر لەیەکتری جیابونەتەوەو تەقیونەتەوە هەڵبەت ئەمەش خوابەم شێوەیە کردویەتی...

ئەستیرەناسەکە کەمێک بێدەنگ بوو ڕووخساری سپی بویەوە بەدەنگێکی نووساوەوە پرسی :ـ

ــــ ئەی ئەستێرەکان لەچیی دروست بوونە ؟

ــ بە پێی قورئانەکەم لەدووکەڵ دروست بوونە

ئەستێرە ناسە بەتەمەنەکە وتی :ــ ئەی خێرایی ڕووناکی چەندە گرەو دەکەم ئەمەیانی لەکتابەکەت دانیە ئەسلەن دکتۆراا یاسەر دکتۆر جوانڕۆ نزکی چەند حەفتەیەکە خێرایی ڕوناکیان دۆزیوەتەوە

منیش پێش هەڵگورد کەوتم لەقسەکردن و بە ئەستێرەناسەکانم وت ئێوە وتتان یەک پرسیار بەڵام ئەمە چەند پرسیارێکە
هەڵگورد :ـــ داژیار بووەستە مەترسە قورئان ئەوەشی تیدایە...
کاکی ئەستێرەناس خیرایی ڕووناکی نزیکی ٢٩٩،٧٩٢،٤٥٨ م/چرکەیە
هەردووکیان شۆک بوبون ڕەنگیان سپی هەڵگەڕابوو وا خۆ بەگەورەزانیەکەشیان ون بوو و دیارنەما
ویستیان پرسیارێ تربکەن بەڵام وتم بەسە گەر پرسیاری؟ترتان دەوێ ئێمەش لەبەرام بەرا بەردمانئەوێ وابزانم ئەش زانی نزخی هەر پرسیارێک بەچەندە کاکی ئەستێرەناس ؟؟؟

جابۆیە نامانەوی بەشەر مافی خۆمان وەرگرین
هەرئێستاش وەڵام پرسیارەکەی ئێمە بدەنەوە
پیرەپیاوەکە ڕووی کردە هەڵگورد وتی :ـ بڵێ دووەم پرسیارت چیە کوڕی خۆم؟
ـــ هەر ئەوەی کە وتم ئەستێرەکە چەندساڵ جارێک دێتە ناو ڕاستی ئاسمانو ڕووناکیەکەی ئەدات لەڕووبارەکە ؟
ئەستێرەناکەسە ڕۆشتە بەردەم مێزەکەی خەرکیی چەند پەڕاوێک بوو هەڵگوردیش دانیشت چاوەڕێی پرسیارەکانی بوو تا ئەستێرە ناسەکە هاتەوەو وتی :ـــ هەزار ساڵ جارێک

**هەڵگورد:ــــ**

کەگووتی هەزار ساڵ جارێک دڵنیالەبەرچاوم خاوبویەوەو
دڵم تێکدەچوو سەیری داژیارم دەکرد قسەی بۆم دەکرد بەبەڵام
ئاگام لەخۆم نەبوو هیچ تێنەدەگەیشتم
دنیا بەخێرایی ئەسووڕاا لەپێش چاوەکانم
یەعنی چی یەعنی من ناتوانم جارێکی تر بگەڕێمەوە؟
هەزار ساڵی تر
چۆن ژیان لێرەبکەم
ئیرەسروشتی من نیە

داژیار دەیزانی،حاڵم خراپ تێک چوە دەستی سەری گردە بن
شانمەوە یارمەتی دام بەرەو دەرگای تاقیگەکە برۆم
بەدڵ شکاویەوە وردە وردە ئەڕۆشتم دەرگاکەمان کردەوەو چووینە
دەرەوە هەستم بە کەمێک باش بوون کرد بە داژیارم وت بەرم
بدە ئەتوانم بڕۆم
دواتر کەمێک دنیا لەپێش چاوم باشتر بوو هاتمەوە هۆش خۆم و
دەنگی دەوروبەرم ئاسایی بوونەوا لەپێش چاوی داژیار وا خۆم
دەردەخست کە هیچ خەم ناخۆم
بەڵام خەرێک بوو دڵم دەرئەهات لەخەفەتا

## ڕووناکیە زۆر ڕووناکەکە

دواتر دەنگێ کەسێک هات کە خۆی کێشا بەدەرگا گەورەکەی تاقی
گەکەیا ئێمەش لەبەردەم تاقی گەی ئەستێرەناسیەکە لەدوورەوە
دەمان ڕوانی لەدەرگا گەورەکە
نزیک بوینەوە لێی ... ئەی خوایە
بیرەوەر هەموگیانی خوێنە خەنجەرێک لە پشتی چەقیوە
بەهەموو هێزی هاواری کرد وتی خۆتان ڕزگار بکەن دواتر
سەری کەوتە زەویەکەو لەویا شەهید بوو
ئێمەش ڕامان کرد بۆ سەرئاوی تاقی گەکە چەند سەربازیکیش
بەخێرایی بەدوامان داهاتن

بەپەلە چوینە ژوورەوە دەرگاکەمان داخست
کورسیەک لە بەردەم ئاوێنەکەیا هەبوو وتم داژیار بیهێنەو بدە پاڵ
دەرگاکە
منیش ڕۆشتم پەنجەرەی تاقی گەکەم کردەوە لەپشتی پەنجەرەکە
بە تێلێکی دڕک داپۆشراوبوو
چەند جارێک شەقم لێدا ویستم پاڵ بەتێلە دڕکاویەکەوە بنێم
پێڵاوەکانم دڕاو قاچم هەموی بوە خوێن
خەرێک بوو پاسەوانەکانیش دەرگاکەیان دەشکاند
داژیاریش هاتە تەنیشتم پێکەوە چەند جارێک شەق مان لێدا
دواتر بەیەکەوە خۆمان پیا کێشا و تەلەکە ڕما بەڵام لەشمان
خوێنێکی زۆری لێئەهات
بەهەڕوولە چوینە دەرەوەو بەسەر دیواری تاقیگەکە سەرکەوتین و
لەوێ ڕزگارمان بوو

<u>ڕووناکیە زۆر ڕووناکەکە</u>

کەڕۆشتینە ناو شارەکە بووقیکی گەورە لێدرا خەڵکەکە دەستیان
کرد بەهاوار کردن
هەموو پێکەوە بەتوڕەییەوە دەیان وت :ـ پەرستن سەری
هەڵداوەتەوە پەرستن سەریٚ هەڵداوەتەوە
زۆر بارودۆخەکە خڕاپ بوو ئێمەش نەمان دەزانی چیبکەین
بە کۆڵانە بچووکەکاندا ڕامان دەکرد
تاکە هۆکاری نەمردن مان ئەوەبوو خەڵکەکە نەیاندەزانی ئێمە
ئایندارەکانین

بەکۆڵانێکا ڕۆشتین کۆڵانەکە بەرزتر دەبویەوە بەرێگایەکا
منوداژیاریش هەر ئاوڕمان دەدایەوەبۆ دواوە بەبێ ئەوەی سەیریٚ
پێش خۆمان بکەین نەکات کەسێک شوێنمان کەوتبێت لەپڕ
ژێرپێمان بۆش بوو بەنەفرەت بێ ئەم وڵاتە سەیروسەمەرەیە
کۆڵانەکە لەوێوە تەواو بوو ڕێک کەوتینە
سەر خانوویەک کە بەتەختەدار دروست کرابوو تەختەداری دار
گوێز کەگرانترین تەختەداریٚ وڵاتەکەبووو
لەبەرزایی دە مەترەوە منوداژیار کەوتینە بان خانوە تەختەدارەکە
کە خانویەکی گەورەبوو
من بەجوانی خۆم گرتەوە بەڵام داژیار بەتەڵە کەوتە ناو
حەوشەبچووکەکەی خانووەکە

منیش بە گانگ گۆڵە و ڕۆشتم سەیریێ ناو حەوشەکەبکەم سەیر دەکەم دوو پاسەوان داژیاریان گرتوە پاسەوانێکی ترش تیروکەوانێکی بەدەستەوەیە پێی ئەڵێت کوا ئەو کوڕەی بانگەکەی ئاین دەکات پێم بڵی پێش ئەوەی تیرێک لەناوچاوت بدەم
داژیار دەڵێت:ــ من بووم منم جگە لەمن کەسی تر ناوی ئاینی نەهێناوە
منیش هاوارم کرد وتم :ــ وازی لێبێنن ئەوە من بووم پەشیمانیش نیم
خۆم هەڵدایە ناو حەوشەکە وتم بەری بدەن من بووم
پاسەوانەکە تیرەکەی ڕووبەروی من ڕاکێشاو وتی دەی داوا لەخواکەت بکە ئیستا ڕزگارت بکات

ئاراستەی لە قورگم گرتەوە و داژیاریش بەتووندی هاواری دەکردو چاوەکانی نوقاندبووو دەی گووت نااا!
پیرێژنێک:ــ بوەستە پاسەوان
پاسەوانەکە :ــ داپیرە ئەوە ئایندارەکەیە فەرمانمانپێکراوە بیکوژین گەر ئاین بڵاو دەکاتەوە ڕێگی دەکات لەوەی پاشاکان بەدڵی خۆیان فەرمان دەربکەن و خڕاپەوچاکە دابنێن
پیرەژنەکە :ــ ئێرە ماڵێ منە ئێوەش پاسەوانی ئێرەن وازی لێبێنن هاوڕێکەشی بەربدەن
پاسەوانەکان داژیاریان بەرداو داژیار ویستی قاچی پاسەوانەکە ماچ بکات گرتم و وتم مێشکت لەدەست داوە هەر ئەوان بوون بیرەوەریان شەهید کرد

ڕووم کردە پاسەوانەکانو وتم :ـ مردم پێخۆشترە لەوەی بە زەلیلی سوپاستان بکەم جگە لەو پیرێژنە نەبێت کە ڕێگری کرد لە کوشتنی ئێمە
یەکێک لە پاسەوانەکان :ــ ڕێز بنوێنە لاوی نەزان ئەوە دایکی پاشایە چۆن بوێری ئەوەدەکەی بڵێی پیرێژن
ــ دایکی پاشا ؟؟
ــ بەڵی ئەوە خاتوو درەخشانە دایکی پاشاموریانی دوەم
داژیار :ــ خانوون ڕزگارمان بکە ئێمە تەنیا بۆکارێکی گرینگ هاتووین زوولٚم لەکەسیش ناکەین و کەسیش بەزۆر ناکەین بە ئایندار
پێژنەکە:ــ ئێوە ئیتر سەلامەتن لای من تا ماوەیەکی کاتی وەرنە ژوورەوە با کەمێک قسەبکەین
دەستی داژیارم گرتو چوینە ژوورەوە
لەڕێگا هەموو گیانی ئەلەرزی
پێم وت مەترسە خوا لەگەڵمانە.....
شوێنی پیرێژنەکە کەوتین بەژووورە گەورەکانی،خانوەکە دەسووڕایەوە منو داژیاریش شۆک بوبوین لە جوانی ئەم خانوە کە زۆربەی ژوورەکان بە ئاڵتوونو کانزای گران بەها ڕازینرابویەوە
بەهێمنی وتم :ــ خاتووو درەخشان ئێرە خانووی،کێییە بۆ کوێمان دەبەی ؟
ـــ لەسەرخۆبە ئێرە خانوەکەی منە کارێکم پێتە کە هەربەتۆ ئەکرێت

ــ هەر بەمن ئەکرێت ؟؟
دەرگای ژوورێکی کردەوە کە سەقفی ژورەکە هەمووی ئەڵماس بوو ژورەکە بە ڕووناکیەکی تایبەت ڕووناک بووبویەوە کە لەڕووناکی سەر زەوی خۆمان نەدەچوو لەمۆمو فانۆزیش نەدەچوو لەناو ژورەکەیا کوڕێکی 15ساڵ لەسەر جێگایەکی،خەوی تایبەت درێژ بوبو خەوتبوو
خانوو درەخشان :ـ ئەوە کوڕەزامە پاشا تەنیا ئەو کوڕەی هەیە لەبەر ئەوە ئەبێت بیکات بەجێنشین بەڵام لاڵە ناتوانی قسەبکات گەربتوانی چاکی بکەیتەوە ئەمەت پێدەدەم..
توڕەگەیەکی بچووکی دەرهێنا کە پڕبوو لە بەردی مۆری درەوشاوە وتی:ـ هەربەردێک لەم بەردایە نزخی هەزار بەردی ئاساییە گەربتوانی لاڵی کوڕەکەم چاک بکەیتەوە هەموویت پێدەدەم
ـــ گەر نەتوانم چاکی بکەمەوە ؟
ـــ بەڕێزەوە ئەتان کەمە دەرەوە لەخانوەکەم بەڵام دڵنیابە سەربازەکانی پاشا هەر ئەتدۆزنەوە و ئەت کوژن هەموو شارەکە بەشوێن تۆ دە ئەگەرێت
ــ چاکی دەکەمەوە لەبەرام بەر ئەوەی لێرە ڕزگارمان بکەین و گالیسکەیەکمان بۆ بگرێ بڕۆینەوە وڵاتەکەی خۆمان
ــ ئەی پارەکان ؟
بزەیەکم کرد و وتم :ـ من پارەم ناوی

کورەزاکەی لەخەو هەڵساندو وتی ئارام بە بەم زوانە دەبیتە پاشا
درەوشانخان سەیرێ منی کردو وتی وەرە پێشەوە چاکی بکەوە
ــ هەر بەڕاستێ من هیچ شتێکم لەدەست نایەت
ــ هەواڵی ئەوەم پێگەیشتوە کە تۆ منداڵەکەت لەکەڕبون
ڕزگارکردوە دەتوانی ئەمەش بکەیت
ــ من منداڵەکەم چاک نەکردەوە بەڵکو خوا چاکی کردەوە
گەرویستی لەسەر بێت ئەمەش ئیستا چاک ئەکەمەوە بەئیزنی ئەو
چوومە پێشەوە لەشازادە قژ ڕەشەکەو دەستەخوێناویەکانم نایەسەر
دەمی و وتم :ــ
قَالَ رَبِّ ٱشۡرَحۡ لِي صَدۡرِي
وَيَسِّرۡ لِيٓ أَمۡرِي
وَٱحۡلُلۡ عُقۡدَةٗ مِّن لِّسَانِي
يَفۡقَهُواْ قَوۡلِي
سەیرێکی منداڵەکەم کرد هیچی نەوت بەتیلەی چاو سەیرێکی
داژیارم کرد کە چاوەڕێی ئەوەی بوو شتێک ڕووبدات
دووبارە هەمان ئایەتم خوێنایەوە بەدەستی بەرز
جاری کەش خوێنامەوە بەدەنگی بەرز
بۆجارێ سێیەم بەدەنگێکی مام ناوەند خوێنامەوەو سەیری
شازادەکەم دەکرد بەهیوای ئەوەی خوا چاکی بکاتەوە

لەجارێ سێیەم دا کەدەستم پێکرد شازادەکە هاتە قسەو لەگەڵمنا ئایەتەکەی تەواو کرد
داپیرەشی باوەشی پیاکرد وماچی سەری کرد
زۆر سوپاسی ئێمەی کردو پاسەوانەکانیش حەپەسابوون لەبەر خۆیانەوە دەیان وت ئەوە جادوە
داژیاریش توڕەبوو وتی:ـ گەر یەک جاری تر بڵین جادوو بەخاتوو درەوشان ئەڵیم فەرمانتان پێبکات قاچم ماچ بکەن منیش دەستم کردە پێکەنین وەک بلیی داژیار دەیەوێ تۆڵەی خۆی بکاتەوە
درەوشان خانیش وتی تا دوای مەغریب لێرە بمێننەوە دواتر گالیسکەیەکی شاهانەهات بۆدەگرم بەدزیەوەڕابکەن
ــ چۆن ڕابکەین بەجلوبەرگەکانمان ئەناسرێینەوە کە ئێمە ئاین دارەکان بوین لەشارەکە هەموو جلوبەرگی ئێمەیان بینیوە بەڵام گومان دەکەم شێوەمان بناسنەوە
خاتوو درەوشان فەرمانی بە پاسەوانەکان کرد بڕوات جلوبەرگی پیاوە دەوڵەمەندەکانی وڵاتی کارێزی بۆئەم دوانە بهێنن وە لەدوای لەبەر کردنی جلەکانمان زەنگکی گەورە لێی دائاماژەبوو بۆ نانی ئێوارە... وردە وردە ڕووناکی خۆریش ونبوو نزیک دەبویەوە لەمەغریب
خەڵکی وڵاتی کارێز لەئیوارااندا نان ئەخۆین جیاواز لەوڵاتێ بیروو
خاتو درەوشان :ــ ئێوە برسی دیارن لەگەڵمان وەرن نان بخۆن

## *رووناکیە زۆر رووناکەکە*

داژیار :ـ نا ناتوانین بێن بۆ شوێنی قەڵەبالغ تەنیا کەگالیسکەکا هات با هەندێک خواردنی تێدابێت چونکە هاوڕێکەم سێ ڕۆژە هیچی نەخواردوە.....
کە شەوداهات گالیسکەمان هاتە بەردەم ماڵەکەی درەوشانخان منیش سوارێ گالیسکاکە بوومولەناوی دا چاوەڕێیی داژیارم دەکد کە جامتاوکەلوپەلەکان کۆبکاتەوە
پاسەوانێک هاتە بەردەم گالیسکەکە وتی ویستی بێت لەگەڵمان گوتم :ـ پیوست ناکات تۆبێی
ـ بەڕێزم درەوشان خان هەر ئیستا فەرمانی پێکردم کە لەگەڵتان بێم تا ناو وڵاتی بیرو

لەناوخانوەکە لەپشت پاسەوانەکەوە داژیارم بینی کە گوێی لەگفتوگۆکەمان بوو.. گەرایەوە ژورەوە هەرزووهاتەوە دەرەوەدواتر ئەویش سوارێ گالیسکە کەبوو .....
گالیسکەیەکی تاڕادەیە گەورەبوو پاسەوانەکە بەرام منو داژیار دانیشتبوو
لەداژیارم پرسی بۆچی :ـڕۆشتیتە ژوورەوەو هاتیتەدەرەوە سەیرێکی پاسەوانەکەی کردو وتی :ـ شتێکم بیرچووبوو بۆیە

کە لەوڵاتەکە دەرچووین نزکیی کاژمێرێک بەڕێگاوەبوین
داژیاردەمی نابەگوێمەوەو بەفسکە پرسی :ـ خواڕێگەدەدات
کەسێک بکووژی گەر بیەوێت بت کوژێت ؟
منیش ویستم بەسەوتێکی ئاسایی نە بەرز نەنزم وەڵامێ بدەمەوە
دەستی نا دەبەم مەوە وتی :ـــ تەنیا بە ئیشاڕات پیم بڵی
سەرم بۆی لەقاند بە ئەرێنی...
نیوکاژمێری برد پاسەوانەکە خەرێک بوو خەو ئەیبردەوە
داژیار هەڵسایە سەرپێ لەناو گالیسکەکە بەرەو لای پاسەوانەکە
ڕۆشت و چەقۆیەکی لەگیرفانی دەر هێناو کردی بە قوڕگی
پاسەوانەکەیا
پاسەوانەکە هاواری کرد بەڵام قوڕگی بڕا بوو دانگی ناهات
داژیاریش هەردوو دەستی پاسەوانەکەی بەتووندی گرتبوو
بۆئەوەی هیچ جووڵە نەکات
بە کەمترلە یەک خولەگ گیانی دەرچوو لەویا مرد
ـــ داژیار ئەوە چیت کرد ئەوپاسەوانە نێردرابوو بۆپاراستی ئێمە
ـــ ششش بێدەنگ با خاوەن گالیسەکەکە ئاگای لێمان نەبێت زوو
دەرگای گالیسکەکە بکەوە با فرێی بدەمە دەرەوە
دەرگاکەم کردەوە و فڕێمان دایە دەرەوە بەدەنگێکی نزموو
دەموچاوێکی تورەوە پڕسێم بۆچی،کوشت کورە وائەزانی کوشتنی
مرۆڤێک ئاوا ئاسانە ؟

ــ بەڵام تۆ وتت کەسێک بیەوێ بت کوژێ کوشتنی ئاساییە
ـ بەڵێ بەس ئەوە خاتوو درەخشان ناردبووی بۆ پاراستنی ئێمە
ــ نەخێر خاتوو درەخشان هەر لەدوای ئەوەی ئێمە جلەکانمان گۆڕی ڕۆشت بۆ خوانی ئێوارە ئەو پاسەوانە درۆی کرد کە وتی خانوون فەرمانی پێکردووم خاتوون لەماڵ نەبوو ئەوکات
ــ باشە گریمان لەماڵ نەبوو ئەوپاسەوانە درۆی کرد خاتوون فەرمانی پێنەکردبوو بەس چۆن دەت زانی دەیەوێ بمان کووژێ
ــ کە سواری گالیسکەکە بووم سەیری کەمەریم کرد کە پشتوێنی ڕمداری بەستبوو نیازی وابوو خۆیو ئێمەش بتەقێنیتەوە

ــ ئەی خاوەن گالیسکەکە چی لێبکەین کورە
ــ ئاگای لێنیە کە پاسەوانەکەمان کوشتوە چونکە چەقۆکەم لەشوێنی وا دا کەنەیتوانی یەک وشەش بڵێت دوای ئەوەی گەیشتینە بیروو هەر وائەزانی لەناو کالیسکەکەیە

منیش لەشوێنی خۆم دانیشتم لە زیرەکی داژیار سەرم سوڕمابوو چۆن مێشکی بۆ ئەوهەموو شتە ڕۆشتبوو

## ڕووناکیه زۆر ڕووناکەکە

کاتژمێر وادەردەکەوت نزکی یەکی شەوبێت کەدابەزینیت لە وڵاتی بیرو وەکو کەسانی خانە دانوو دەوڵەمەند ڕۆشتینە ژوووروەوە ...
داژیار وتی دەبێت بڕۆین دەنگۆ بدۆزینەوە
منیش وتم تازەدرەنگە دەبێت ئەم شەو لە ئوتیل بخەوین بەیانی لەشوێنی کارگەی ئاوەکە دەیدۆزینەوە
ڕۆشتین لەئوتیل ماینەوە تا بەیانی نەخەوتین داژیار هەرباسی ئەوەی دەکرد کە ئەم ڕۆ چۆن توانیم بەئیزنی خوا گەڕ چاک بکەمەوە و لالیش بهێنمە قسە
جاروباریش بیرەوەرمان بیردەکەوتەوە کە چۆن شەهید کراو بۆی دەگریاین
دەمەوبەیانی پاڵکەوتبووم سەیرێ داژیارم دەکرد قورئانی دەخوێنایەوە هەتا من چاوومم چوە خەوکەمێک خەوتم
لەخەوم دا فریشتەیەک هاتەخەوم .....
ــ تۆ کێیی
ــ لە لەلایەن خواوە نێردراوم بۆئەوەی پێت ڕابگەیەنم کەخەبەرت بویەوە هەڵسی لەناوڕاستی شار بانگەشەی دینەکەت بکەی
ــ بەڵام ئەی ئەگەر کوژرام؟
ــ خوا بڕیاری داوە تۆ بانگەشەبکەی گەر بمریت بەسەربەرزی شەهیددەبێ و هاورێکەت ئاین بڵاو دەکاتەوە گەر سەریش بکەویت لە سەرکەوتوان دەبێ
ــ هەڵسەوە و خەڵکی ئاگاداربکەوە

## *رووناکیە زۆر رووناکەکە*

چاوەکانم لەخەو دابڕاو سەیری دەوروبەرم کرد کە هەر داژیار
خەرکیی قورئان خوێندنە پرسیم کات چەندە
ــ خۆر پێنج بست لە ئاسمان بەرزەوە بوە
ــ هەڵسە بابڕۆین کاتی ئەوەیە ئاینەکەمان بەخەڵکی ڕابگەیەنین
ــ چی بەڕاست دەتەوێ کارێ وابکەیت
ــ بەڵێ زوزوو دەی بابڕۆین

####

<u>*رووناكيه زۆر رووناكەكە*</u>

بە فڕكان وخێرايەكی زۆرڕامان كرد و ڕۆشتینە ناو جەرگەی باشووری بیرو كە دەنگوباسی ڕووداوەكەی دوێنی ئەم وڵاتەشی چنی بوو
هەموو دەيان وت كێیە ئەو كەسەی كەڕێ چاك كردۆتەوە كێیە ئەو كەسەی لاڵی هێناوەتە قسە
پیاوێك لەناو برادەرانی دەیوت هاوڕێیان دوینی لە وڵاتێ كارێز گەنجێكی بچوك قسەی لەگەڵ مێرولەكان كردوو كچێكی لەگەڕبون پاراست من بەچاوەكانی خۆم بینیم
یەكێكی تر لاولاوە وتی كتابەكەی لەلایەن زاناگەورەكانی كارێزەوە داواكراوە گوایە ئەستێرەناسەكانی بەچۆك داداوە

كە خەڵكەكەم بینی وا باسی من دەكەن ترسم كەمەوە بوو
مادام باسوخواسی ئەوڕوداوانەیان بیستوە ئیستا
هەموویان باوەڕ دەهێنن
لەناوڕاستی خەڵكە كۆبوومەوە و هاوارم كردو وتم :ـــ ئەی خەڵكی وڵاتی بیروو
دەنگەدەنگەكە نەماا
چاوی هەموو ئامادەبوانم ڕاكێشا بۆسەرخۆم
انجا وتم :ـــ منم خاوەن كتابی گەورە
من بووم بە ئیزنی خوا كەڕم چاك كردەوە نەخۆشی مێرولەم لە وڵاتی كارێزنەهێشت هەموو ئەوانەشی تریش من بووم
یەكێك لە ئامادەبوان :ـــ جادوەكەی تۆ ئەتوانێت بتكات بەپاشاوپارەیەكی زۆرت پێبدات ؟

ــ من جادووگەر نیم ... انجا بەردەوام بووم لەقسە
من خوا پەرستم
خەڵکەکە هەموویان دەستیان کردەوە بە دەنگەدەنگ
وادیاربوو زۆر ڕقیان لەپەرستن بوو
بەڵام کە قسەم دەکرد هەموویان بێدەنگ دەبوون
وتم :ــ بەڵی من خوا پەرستم خواش فەرمانی پێکردوم
لەڕێگای فریشتەیەکەوە کە بانگەشەی ئاینەکەم لێرەبکەم کەسیش
ناتوانی لێرە دەرم بکات تا قسەکانم تەواو دەکەم
گەر نا ئەو دەسەڵاتەی دوێنی ئەو ڕووداوانەی پێش هێنا خراپ
تان بەسەر دەهێنیت

کچێکی هەرزەکار خەریکی ئاو بارکردن بوو دەبە ئاوەکەی لەسەر
شانی لابرد و وتی خواکەی تۆ کێییە ؟؟؟
وتم :ـ ئەو خوایە تاکو تەنهایە
ئەو خوایە بێ نیازەلەئێوە
کەسی لێنەبوەو لەکەسیش نەبوە
وەهاوشێوەشی نیە
ــ گەر باوەڕمان بەخواکەت هێنا چی ڕووئەدات
ــ ژیانی ئەم دونیاتان بۆجوانوخۆش دەکات یاسای گونجاوتانان بۆ
دادەنێ ژیانی دوای مردنیشتان لەجێگایەکی خۆشو ئیسراحەتدائەبن
ژنێکی سێ ساڵ کە زۆرماندووبوبەکارکردنەوە وتی :ــ خواکەت
مافی خۆمان پێدەدات یان وەکو پیاوەکانمان زیاتر کارمان پێدەکات
؟

وەڵامم دایەوە و وتم :ــ لەئاینی مندا فەرزو پێویست نیە ئافرەت کاربکات نە لەماڵەوە نە لەدەرەوە
گەنجێک وتی :ــ خواکەی تۆچی وەڵامێکی هەیە بۆهاوسەرەکەم کە لەشفرۆشەلە یانەی شەوانەکان پاسەوانەکانی بیرووش ڕێگا نادەن لێی جیابمەوە خۆشم ناتوانم ڕاییگرم لەوکارە
ــ خواکەی من فەرمانی داوە بکوژرێت
جووتریارێک وتی:ـ خواکەت ئەتوانی بارانمان بۆبیارێنی و چی تر داوا لەوڵاتی کارێز نەکەین بۆئاو
ــ بەڵی بەکۆمەڵ نوێژبکەن چەندتان باران دەوێ بۆتان دەبارێنێ

کەس پرسیاری تری نەکرد منیش دەستم کرد بەخوێندنەوەی قورئان بەکوردی :ــ
بەپاکی ناوی پەروەردگاری بڵندتان ببەن
ئەوەی دروستیکردن ڕێکوپێکی کردن
ئەوەی ئەندازەگیری کرد و شارەزای کرد
ئەوەی گژوگیای لەوەرگای دەرهێناوە
انجا دەیکاتەبەپووشی ڕەشی داگەڕاو
ئەی فرسادرەسی خوا بەسەرتدا ئەخوێنرێتەوەو لەبیرتناچێتەوە
مەگەر ئەوەی خوا بیەوێت بێگوومان ئەو بەهەمووشتێکی ئاشکراو شاراوە ئاگادارە
وەیارمەتیت دەدەین بۆ ڕێگای ڕاست
ئەوە یادەوەری وەردەگرێت کە دەترسێت

ئەوەش خۆی لەئامۆژگاریەکان بپارێزیت خراپترینه
ئەوە دەچێتە ناو ئاگری هەرە گەورەوە
پاشان نەدەمرێ تیایدا نەبەئاسانی دەژی
سەرفەرازبوو ئەو کەسەی خۆی پاک ڕاگرت
وەناوی پەروەردگاری دەبات لەنوێژدا
بەڵکو ئیوە ژیانی دونیاتان خۆشتر ئەوێ
وەپاشەڕۆژ چاکترە
لەدوای خوێندنی ئایەتەکان هەمووان کرنووشیان برد بۆخواو
هەمووان هاواریان کرد.... دەمانەوێ خوا بپەرستین دەمانەوێ خوا بپەرستین

منیش لەناو ڕاستی خەڵکەکە وەستابووم بەدڵخۆشی و پێکەنینەوە تەماشام دەکردن
داژیاریش لەدورەوە ڕاوەستابوو دەگریاو چەپڵەی بۆم لێدەدات
.....
وەختێکێ کەمی برد نزکیی شەش سەرباز لەگەڵ فەرماندەیەکی سمێڵ درێژ لەناو ڕاستی خەڵکەکە دەرکەوتن و بەرەوڕوم هاتن
یەکیان هەردوودەستی گرتم
داژیار چوە بەردەم سەربازەکان و وتی بۆکوێی دەبەن چێ لێدەکەن ؟
ــ فەرمانی کوشتی بۆ دەرچوە لەلایەن پاشاوەچوونکە بانگەشەی پەرستی کردوە

داژیار  توورە بوو بە فەرماندە سمێل درێژەکەی وت :ـــ
ئێوە  بۆ مێشکت بەکار ناخەی پەرستن هەر پەرستنە تۆ پاشاکەت دەپەرستی گوێڕایەڵی دەکەی و  یاساو فەرمانەکانی بەزۆرەملی لەولاتدائەچەسپێنی
گەر ئەوتاوان باربێت تۆش تاوان باری
هەمووسەرزەویش تاوانبارە ئێمە  هەموو مان  چەند پاشایەک ئەپەرستین بەبێ ئاگای خۆمان
پاسەوانێک پاڵێکی  پێوەناو وتی بڕۆ داوا  بە پێنج نەفەر منیان گرتوو ویستیان بەڕێکەون بۆبازنەسورەکە.....
بازنە سورەکە ئەوشوێنەیە کەکەسێک تاوانێکی گەورەی کردبێت ئەیبەن بەدارێکەوە ئەیبەستنەوە  تیرهاوێژەکان لەدوورەوە تیری تێدەگرن هەرتیرهاوێژێک یەکەم کەسبێ تیرەکەی بەری بکەوێ خەڵات ئەکرێت
هەر کە کەسێک چووە ناو بازنە سوورەکەوە گەر بێتاوانیش بێت هیچ سەرفەتێکی  ڕزگار بوونی نابێت هەرئەبێت بکوژرێت....

بەناو خەڵکەکەیا ڕامیان کێشا  و داژیاریش بەدوای سەربازەکاندا ئەهات هەر لێیان ئەپارایەوە نەم کەنە ناو  بازنە سورەکە ..
خەڵکەکەش سەیریان دەکردم بەبێ هیچ کاردانەوەیەک
لەوکاتەیا لەدڵی خۆما دەم وت:ـ مردم باشترە لەناو ئەم هەموو نەزانە دوای ئەوە خۆ من هەر ناتوانم بگەڕێمەوەبۆزەویەکەی،خۆم باهەرشەهید بم باشترە..

بەڕاستی سەیرە....
ئەم کوردانەش وەکو کوردەکانی خۆمان وان
لەناوڕاستی ئەو هەموو خەڵکە دەمبەن ئەم کوژن یەک کوردێک ناوێرێ قسەیەک بکات.....
بەهەمان شێوەی کوردستانەکەی خۆم
هەر بەراستی بێزاربووم ئەوەندە ڕووبەروی مردن ببمەوە ئەری ماقولە یەک وشەیەک بڵیی حوکمەکەی کوشت بێت ڕێک وەک کوردستانەکەی خۆم
لەدواماوە داژیار هاواری کرد وتی :ــ خوایە نازانم بەڵام دەزانم ئاورێکم دایەوەو سەیریکی پێش خۆمم کرد وتم باشە مەبەستێ چیە لەوقسەیە ؟

کەمێکی تر بەڕێگادا ڕامیان کێشا لەناکاو زوڕنایەکی لێدرا جیاواز لەزوڕناکانی وڵاتی بیرو....
کۆمەڵێک سەربازی جل ڕەش دەرکەوتن ژمارەیان چل سەرباز بوو
پیاوێک لەناوڕاستی پیاوەکان بەجلوبەرگی وەزیریەوە هاتەدەرەوە لەدوای پیاوەکەش دەنگۆ دەرکەوت.... خوایە دەنگۆ چی ئەکات لەگەڵ ئەوپیاوە پلە بەرزەدا؟؟؟؟
پیاوەکە چووە بەردەم فەرماندە سمێڵ دریژەکەو وتی:ـ بەفەرمانی پاشای وڵاتی سەودا فەرمانمان پێکراوە کە ئەو زانا گەورەیە بەرین بۆ وڵاتەکەی خۆمان بەرێزەوە پێشوازی لێبکەین چونکە لەبارەی تواناکانیەوە بیستومانە جا ئەگەر بە ئاسانی پێمان نەدەن ناچارین جەنگ ڕابگەیەنین

فەرماندەوسەربازە بیرووپەکان هەمووگیان لەترسا ئەلەرزی
لەترسێ وەزیرو وسەربازەکانی وڵاتی سەودایا چوونکە مێژوو
هەموو باسێ لێهاتووی سەربازی سەودای ئەکرد بەبێ هیچ
قسەیەک سەڕبازەکانی بیرو دەستیان بەردام و زنجیرەکەیان لە
دەستم کردەوەو فەرماندەسمێڵ زلەکە بە
وەزیر سەودابییەکەی وت ئەوەئازادمان کرد گەورەم
جا دوای ئازاد کردم
دەنگۆ هاتە پێشەوەو بە زەردەخەنەیەکەوە وتی :ــ پیپرۆزە برام
سەرکەوتن بەڕێگاوەیە
لەخەونم دا فریشتەیەکم بینی کە بەتۆی دەوت بڕۆ بانگەشەی
ئاینەکەت بکە زانیم وادەکەی بۆیە بە خێرایی خۆم گەیاندە ئیرە

ــ دەنگۆ تۆ چۆن توانیت لەپاشای سەودا نزیک ببیتەوە و
فەرماندەو سەرباز لەگەڵ خۆت بهێنی ؟
ــ دوێنی کە ویستم بڕۆم بۆوڵاتێ سەودا چەند پاسەوانێک هاتن
بۆ لای پاسەوانی شەمەندەفەرەکە وتیان کوڕێکی گەنجی 19ساڵ
جلێکی جیاوازی لەبەردایە بانگەشەی ئاینداری ئەکات گەر ویستی
گەشت بکەت بۆ سەودا بیگرن منیش بەخێرایی گەڕامەوە بۆ
ئەوەی بێم ئاگادارت بکەمەوە بەڵام ئێوەلەپێش منەوە ئاگاداربون و
ڕۆشتبوون بۆ کارێز
دوایی ئەوە باوکی بیرەوەر کەدارتاشێکی لێهاتوە بەدڵخۆشیەوە
بەدوای بیرەوەردائەگەڕا

ـــ بیرەوەر ؟
ـــ بەڵی هەڵگورد بیرەوەر.... منیش چوومە پێش لێی وتم من هاوڕێی بیرەوەرم فەرمو بایارمەتیت بدەم
باوکی بیرەوەریش وتی بانگکراوم لەولاتی سەوداوە بۆئەوەی دەرگا بۆ کۆشتی پاشا دروست بکەم بەڵام بەبێ بیرەوەری کوڕم ناڕۆم . .... جا هەڵگورد منیش پیم وت بیرەوەر ڕۆشتوە بۆ وڵاتی کارێز لەگەڵ هاوڕێکانی
ئەویش توڕەبوو وتی چۆن بەبێ پرسی من دەچێت ئیستا من کێ ببەم لەگەڵ خۆما بۆ سەودا
منیشیش وتم مامە من ببە لەگەڵ خۆتادەبمە شاگردت تا کارەکەت تەواو دەکەی
ـــ ئێ دواتر ؟
ـــ دواتر بەشەمەندەفەرێکی جیاوازلەشەمەندەفەرەکانی زەویەکەی خۆم ڕۆشتین بۆ سەوداو لەوێوە بۆ کۆشتی پاشا ....وادیاربوو لێهاتوویی تۆ گەیشتبوە ولاتی سەوداش بۆیە چوومە لای پاشاو وتم من ئەو گەنجە دەناسم ڕێگام بدە بۆتی بهینم بەو مەرجەی ڕێزی لێبگرێ
ئیتر بەم شێوەیە بوو هەڵگوردێ برام
ـــ ئەی دەزانی بیرەوەر مردوە ؟
ـــ هـــ بەڵی دەزانم .... انجا بەردەوام بووو
دەی کات بەفیرۆمەدە ئەبێت بڕۆین بۆ سەودا پاشا چاوەڕێی تۆ ئەکات
ڕووم کردە داژیاروپێم وت:ـــ باوەردەکەی پاشەیەکی گەورە بانگی من بکات ؟؟؟

## رووناکیە زۆر رووناکەکە

داژیار ــ تۆ شایەنی لەوە زیاتری برام
دەنگۆ ــ دەی دەی بابڕۆین زووبکە
هەر بەزووی هەرسێکمان لەگەڵ وەزیروسەربازەکان سواری
شەمەندەفەر بووین بەرەو سەودا
لەکەمتر لە دووکاژمێر گەیشتینە ئەوێ
وڵاتێکە خانووەکانی بەرزە زۆربەی خانوەکەنی ڕەنگیان زەردە
خەڵکانی ئەوێ جلوبەرگی هاوینە ئەکەنە بەریان
بە گالیسکە پێنج کاژمێر دوورئەبێت
خەڵکی ئەو وڵاتە جلوبەرگی هاوینە ئەکەنە بەریان بەشی پشتی
وڵاتەکەیان بیابانێکی گەورەیە پێشی وڵاتەکەش شوێنێکی
بازرگانی نیوان وڵاتەکان بوو..
هەرسێکمان کەگەیشتێنە وڵاتەکە سێ ڕۆژ لە شوێنی
میوانەکاندامابنەوە دوای ئەو سێ ڕۆژە بانگ کراین بۆ کۆشتی
پاشا...

####

لەوێ بەڕێزەوگەورەیەوە پێشوازیەکی زۆرمان لێکرا... وە بۆنانی نیوەڕۆ لەنزیک پاشا ئامادەبوین
ئەها لەبیرم چوو لە وڵاتی سەودا نیوەڕوان نان دەخۆن لەجێکای عەسران
پاشا لەناوڕاستی نان خواردنەکە بەمنی وت :ـ بەڕاستی،تۆ کوڕێکی زۆر زیرەکو لێهاتوی لەئاینەکەی خۆتا
منیش بەڕێزەوە سوپاسیم کرد
داژیار لەتەنیشمەوە نانی دەخوارد پێییم وت
ــ ئەرێ براکەم
ــ گیان برا
ــ لەکاتێک سەربازەکان منیان دەبرد تۆ هاوارتکرد وتت خوایە نازانم بەڵام دەزانم مەبەستت چیبوو لەوقسەیە
ــ مەبەستم ئەوەبوو نازانم خواچۆن یارماتیمان ئەدا بەڵام ئەزانم یارمەتیمان ئەدات.......

پاشا:ـ ئامادەبوان بەڕێزان فەرماندەو وەزیران ئەمەوێ بتان ناسێنم بە هەڵگورد کە خاوەنی کتابێ گەورەیە قورئان
من لەم ڕۆوە بڕیارم داوە کە ئاینەکەی قەبوڵ بکەم و لەهەموو وڵاتەکەم دا بەرپای بکەم جار هەرکەس باوەڕ بەئاینەکەی بهینی لەدونیاو لەدوای مردنێ سەرکەوتو ئەبێت هەرکەسیش باوەڕی پێنەهێنیت کەیفی خۆیەتی وزۆرمان لێی نیە
جاڕووی کرد لە منو داژیار ودەنگو بەمنی وت ــ دەمەوێت شوێنێکی گەورەت پێبدەم کە لەوشوێنەیا بمینیتەوە خۆتو هاوڕێکانت ئاینی تیابڵاو بکەیتەواو قسەبۆخەڵکی بکەین ڕازیت ؟؟؟
ــ بەڵی چۆن ڕازی نابم لەوەباشترە هەیە

## ڕووناکیه زۆر ڕووناکەکە

بە پاشاپۆڵام وت :ـ تۆ ئەتەوێ باوەربهێنی
ــ وتی بەڵی بێگوومان
ــ بەڵام گەرحوکمو فەرمان ڕەوایی بەقورئان نەکەی ئەوە گەر نوێژبکەی یان شاهادەش بهینی هەرکافردەبیتەوە
پاشا پۆڵا پەرداخێک شەربەتی خواردنو پشتی دەیە کورسەکەیەوە ووتی ــ گەر فەرمانڕەواییەک لای ئەوکەسەوە بێت هەمووشتێکی دروست کردوە دڵنیام باشترین یاساو فەرمان ڕەواییە

#####

بەڵێ بەم شێوەیە جێگر بوم لەزەوی سەودایە وەک زانایەکی ئاینێ
دەنگۆو داژیاریش بون بە هاوکارم
بەشەوو بەڕۆژ لەو شوێنەگەورەیی پاشا پێی دابووم
خەلک دەهاتن پرسیارێ ئاینیان لێدەکرموو
مشتومڕیان دەکرد لەسەر ئاین...
حەفتەیەک دوای ئەوە نامەیەکم بۆ پاشانارد کە سەت نووسەرێ
گەورەو ڕاستگۆم بۆبنیرێت کە قورئان بەعارەبی و بەکوردێ
بنووسنەوە و لەکتێب خانەکانە ڕێژەیەکی زۆر قورئان بۆ خەڵکی
بەردەست بیت چونکە زۆربەی دانیشتوانی سەودا باوەڕیان
هینابوو...هەر ڕۆژێک دوای ئەوە پاشا داواکەمی قەبوڵ کردو
کارەکەم سەرێ گرت
هەموو کتێب خانەکانی سەودام پڕکرد لەکتێبی قورئان

نەک وڵاتێ سەودا هەردوو وڵاتەکەی تریش بەنهێنیو بەئاشکرا
قورئانی بۆ دەرۆشت ڕێژەیەکی زۆر لەهەردوو وڵاتی کارێزو
بیروو موسوڵمان بووبن بەڵام یەشتا بێ باوەرزۆر تر بوو...
پاشا پۆلاش نامەیەکی بەئاڵتون نوسراوی بۆ هەردوپاشاکە نارد کە
نابێ موسوڵمانان زوڵمیان لێبکرێ یان لەسەر دین بکوژین
لەسەرەوەی نامەکەش نوسرابووو بەناوی خوای گەورە
هەردووپاشاکەش بە دڵفراوانیەوە ڕازیبوو

پاش سێ مانگ شتێ زۆر ڕوی دا ...ڕێژەی قوتابیەکانم زۆر زۆر بوون کە جێگایان نابوویەوە لە هۆڵەگەورەکەی خانووەکەمان ...

بۆیە مزگەوتێکم دروست کرد لەتەنیشت ئەوشوێنەی پاشا پێی داین هەر کە دروستمان کرد خەڵکی شارەکانی تری وڵاتەکەش چاویان لەمن کردو پڕۆژەی مزگەو دروست کردن سەری هەڵدا

ئافرەتەکانیش دوای تەواوبونی نوێژی عەسر ئەهاتن بۆمزگەوتەکە لەپشت پەردەوە پرسیاریان لێم دەکرد ...

ئێوارەیەک دانیشتموو کۆمەڵێک ئافرەت هاتن دیاربوو پرسیاری زۆریان هەبوو

ئافرەتێک وتی مامۆستا:ــ من خوام خۆش دەوێ و زۆر کەسێکی باشم بەڵام خۆم داناپۆشم ئاییە لەپاشەڕۆژا خوا چی بۆ داناوم ؟

ــ باخێک و خانوویەکی گەورە لەجەهەنم

ئافرەتەکان دەستیان کردە پێکەنین

وتم :ـ چیە واتان زانی ئەڵێم ئەچێتە بەهەشت

یەکیان وتی بۆچی :ـ داپۆشینی دەموچاوفەرزە لەبەردەمی نامەحرەم بەڵام لەکاتی نوێژ فەرزنیە کاتێکی پیرۆزە

ـــ لەبەر ئەوەی یاسای ئیسلام بەو جۆرەیە نەک بەلێکدانەوەی مێشک

بۆنمونە ئافرەتێک ئەتوانی بەبێ جل لەحەمامێکا قورئان بخوینی کە قورئان خوێندن شتێکی پیرۆزە بەڵام ناتوانی بەڕووتی لەبەردەمی پیاوابێن

*<u>ڕووناکیە زۆر ڕووناکەکە</u>*

ئافرەتێکی تر وتی :ـ بۆچی گووڵاوت بۆ ئافرەت قەدەغەکردوە یەک بۆنفرۆش بۆن نادانە ئێمەی ئافرەت
ـ لەبەر ئەوەی بۆن ڕێگا پێدراو نیە بۆ ئافرەت بەجۆرێک خراپە وەکو ئەوە وایە زینای کردبێت
کەپرسیارەکانیان تەواوکرد ڕۆشتم پاڵ کەوتم سووچێکی مزگەوتەکەیا ....

کەمێکی برد داژیار هات بۆلام و وتی: ـ سەلامەتی خوات لەسەر بێت ئەی برا
ـ سەلامەتی خواش لەسەر تۆبێت
ـ ئەم بەتانیە گەورەیە چیە
ـ هههه ئەم جلە پاشا بەتایبەت بۆی دروست کردووم جوانە ؟
ـ کەمێک درێژە خەریکە ئەگاتە قاچت بەڵام زۆر زۆر جوانە
دەنگۆ هاتە ژوورەوە :ـ بەهەناسە بڕکێ وبەگاڵتەوە وتی سڵاو لەم قژدرێژە
ـ بەراست قژم زۆر درێژە ؟
ـ هەر زۆر انجا لەگەڵ ڕیشت تیکەڵ بوە بەڵام زۆر جوانە بەهەرحاڵ دووپیاووی کارێزی هاتوونە ئەیانەوی تۆببین لەبەردەم دەرگای مزگەوتەکە وەستاون بیان کەمە ژورەوە ؟

<u>*ڕووناکیە زۆر ڕووناکەکە*</u>

ـ بەڵی بەڵێ  بیان هێنە دەنگۆ وابزانم چیان دەوێ بەس با پاسەوانەکان بیان پشکنێ نەکا  چەکیان پێبیت

کەدووپیاوەکە هاتنە ژورەوە من سەرم لەسەر قورئانەکەبوو لەپڕ داژیار هاواری کرد  ئەستێرە ناسەکان ئەستێرەناسەکان سەیریانم کرد ئەو ئەستێرەناسانەبوون کەڕۆشین بۆکارێز بۆلایان هاتنە بەردەمم و وتیان چەند پرسیاریکمان هەیە
بەتیلەچاو سەیریکی داژیارم کردو وتم :ـ پرسیارەکانتان بکەن بەڵام خۆتان ئەزانن نزخی هەر پرسیاریک بەچەندە
ئەستێرەناسە پیرەکە :ـــ 100بەرد
داژیار:ـــ نەخێر 300بەرد
ـــ بەڵام ئێمە پرسیارێ زۆر مان هەیە ناکرێت ئەوەندەمان لێبسەنن
هەڵگورد :ـــ ڕاستەکات داژیار ناکرێت ئەوەنیان لێبسەنین گووناحن بەلکو چوار سەت بەردیان لێئەسەنین

ـــ چی 400بەرد
ـــ  ئممم نە چوارسەت کەمە پێنج سەت
ـــ  ئەمە نابی زۆر زۆرە ئێوە بەمیهرەبانی  وبەخشندەیی ناوتان لەهەر سێ وڵاتەکە  دەرکردوە چۆن پرسیارێک بە 500بەرد ئەبێت
ـــ ڕاستی خۆی بۆهەموو کەسی سەرزەوی پرسیار بەخۆڕاییە تەنیا ئێوە نەبێ وابزانم ئەشزانن کەبۆچی

ئەستیرەناسەگەنجەکە وتی:ــ باشە تەنیا یەک پرسیار دەکەین
بەراستی بەزەییم پێدا هاتنەوە بەڵام دەبوو تۆڵەی خۆم هەر لێیان
بکەمەوە هەر تۆڵەکردنەوەش نا بۆئەوەی ئاقڵ بن جیاوازی نەکەن
لەنێوان کوردی وڵاتێک بۆ وڵاتێکی تر
پێنج سەت بەردیان داپێم دامە دەستی دەنگۆ کە بڕوات بەسەر
هەژاراندا دابەشی بکات و بەو دووئەستێرە ناسەم وت فەرموو
پرسیاکانتان بکەن
کەمێک لەنێوان خۆیان مشتومڕیان کردو لەسەر پرسیارێک ڕێک
کەوتن
هاتنە پێش ترو وتیان :ــ ئێمە ئەزانین خواو قورئانەکەت ڕاستەو
هیچ درۆیەکێ تێدانیە
بەڵام نامانەوێ باوەڕ بهێنین پرسیارەکەمان ئەوەیە
ئایە ئێمەی بێباوەر نزا بکەین قەبوڵ دەبێت ؟
چونکە بەراستی پیویستمان بەنزاکردنە بۆ لای خوا بۆئەوەی
یارمەتیمان بدا لەکارەکەماندا
کەمێک بیرم کردەوەو وتم :ــــ بەڵی قەبوڵ دەبێت بەڵام نزاکە بۆ
دوونیا بێت نزا بۆقیامەت قەبوڵ نابێت
وەڵامی پرسیارەکەیان وەرگرت و ڕۆشتنە دەرەوە
پارەی گەرانەوەیان پێنەمابوو بۆ وڵاتەکەی خۆیان
بەدزی داژیارەوە بڕێک بەردم پێدات کە بچنەوە بۆ وڵاتەکەی
خۆیان
چوونکە داژیار ڕێگەی نەدەدا هیچ پارەیەکیان پێبدەم.....

####

## دوای سالێک :ـــ

وڵاتی سەودا پێش کەوتنێکی زۆرێ بەخۆیەوە بینی و لەبەر
ئەوەی مەڵبەندی ئاین لێرەوە سەری هەڵدابوو
جلی ڕەسمی ئافرەتان لەوڵاتەکە بووبوو بە پۆشەری سپی کە
جلیک بوو هەموو لەشی ئافرەتەکانی دادەپۆشی هەتا چاوەکانیشان
ئافرەتەکانی وڵاتەکە هەموو ئەو جلەیان دەکرد بەجۆرێک ناوی
وڵاتەکە گۆرا بۆ وڵاتی داپۆشراو
لەبەر پۆشتەیی ئافرەتەکان ....

وەپیاوانی وڵاتەکانی تر ئەهاتن لێرە ئافرەتێان مارەئەکرد چونکە
کچی زۆری بەڕەوشت لێرە هەبوو ئەویش لەسایەی قورئانەوە
ناپرسن دەنگۆ چی بەسەرهات ؟؟
دەنگۆ بو بەدەستەڕاستی پاشا ئیستا لە کۆبونەوەودیوەخانە
گەورەکان دادائەنیشێت
وەئەرگەکەشی ئەوەیە ئاسایشی وڵات ب پارێزیت وڵاتە ڕێک
بخات

داژیاریش هەر کەبەجوانی و بەتەواوی فێری دینەکەی بوو
دادگایەکی گەورەمان کردەوە پێکەوە ناومان نا لیژنەی وەڵامی
ئاینی کە لەو دادگایە لەشارودێهات لە وڵاتانی دراوسێ
پرسیارو وەڵام ئەهات و ئێمەش وەڵاممان ئەدایەوە....
ڕۆژێک....
کەخۆر لەئاسمان هاتە لاوە دەنگۆ بە جلە شاهانەکایەوە هاتە ژوورەوە
هەرکاتێک داژیار ئەو جلە ڕاقیانەی ئەبینی لەبەریدا دەستی دەکردە پێکەنین چوونکە پێشتر هەردەنگۆی بینیوە لەناو کارومانددووبوندا ئیستاش،ئەم پلەبەرزەی هەیە..
هاتە بەردەمی ئێمە و.... سڵاوی لێمان کرد وتی پرسیارێکم هەیە لەسەر وڵاتەکەم

هەڵگورد:ـ ــ پێش ئەوەی پرسیارەکەت بکەی ئاگاداربە ژیانی دوونیا زۆر سەرقاڵت نەکات هاااا دوێنی بۆ بەیانێ نەتم بنیی لەمزگەوتەکەم با دوبارەنەبیتەوە دوای ئەوە کەمێک سەیرێ کردمو منیش بەگاڵتەوە وتم :ــ من دەسەڵاتم زۆرترە لەتۆ لای پاشا دوایی سەرت ئەپەڕێنم کورە
ــ هههها نانا دوێنێ لەمزگەوتەکەی پاشانوێژم کرد بۆیە نەهاتم بۆ مزگەوتەکەی تۆ
ــ مامۆستا ژیندار لەوێیە ؟
ـ بەڵێ ئەوە
ــ وادیارە قوتابیەکانم زۆرلەوەزیرەکترن کەبیرم لێدەکردەوە

*ڕووناکیە زۆر ڕووناکەکە*

.

ئێ دەنگۆ پرسیارەکەت بکە...

ــ پاشا فەرمانی کەبەتۆبڵیم پاشا هەندێک لەکاتێ گەشت کردن بۆ وڵاتەکان یان لەکاتی میوان داریەکان یان لەوکاتانەی بێ تاقەتە بێزاردەبێت ئاساییە چەند کەسێک بهینێت سرودی ئاینی بۆبڵێن لەگەڵ میوزیکا

ـــ بۆستە بۆستە بابیربکەمەوە ئمممم. ...

مادام گۆرانی و میوزیکەکە بۆشتی باشە وەک سرودی ئاینی ئەوە ئاساییە

ــ تەمام مامۆستا هەڵگورد گەیشت سەربازەکان بابڕۆین

وەڵامەکەی خۆمان دەست کەوت

زۆر سووپاسی منی کردو سەیرێکی داژیاری کردو بەپێکەنینەوە وتی :ـــ تۆ هیچت نەکرد بەس قەینا سوپاس بۆتۆش

ڕووم کردە دەنگۆو وتم :ــ ئەوە لەداهاتوە ئەبێتە زانایەکی زۆر گەورە

داژیار:ــ خۆتۆش هیچت نەکرد ئیستا بویتە بەدەستەڕاستی پاشاو سوپاس دەکرێێ

هەر سێکمان دەستمان کردە پێکەنینو

دەنگۆش بەڕێزوخۆبەکەم زانیەوە وردە وردە ڕۆشتە دەرەوە لە دادگاکە

**ستایش کچەکە نازدارەکەی لادێ:ـ**

ـ گەردون... ئەوە کوڕەکەیە کە هەموو سەرزەوی گۆری ؟
ـ بەڵێ کچە لادێیەکە وادیارە تۆ ئیستاش ئاگاداری هیچ نی
ـ نانا دەزانم ئەوە بەڵام زۆر بەڕێزترە لەوەی بیرم لێدەکردەوە

لەناخی خۆما بیرم لەوکوڕە دەکردەوە هەڵگورد بەڕاستێ کوڕێکی لێهاتوو بەکەسایەتیە بەناو کۆڵانەکاندائەڕوات بەبێ ئەوەی هیچ پاسەوەنێکی هەبێت
ئافرەتەکان بەبەردەمیا ئەڕۆن سەیری یەک دانەشیان ناکات
بەگەردونم وت :ـ کورێکی زۆر جوانو بەزەردەخەیە وایە گەردون بەبێ ئەوەی سەیری بکات
وتی:ـ بەڵی زۆر جوانە
ـ ئێ خۆتۆ سەیریشت نەکرد
ـ شش کچێ باسێ سەیرکردنێ کوڕمەکە

ـ پورزا من لەئیستاوە خەرێکە ئاشقی دەبم
گەردون دەستێ کردەپێکەنینو وتی :ـ ئاشقی چی ستایش خۆ ئەو وەک کوڕانی تر نیە خۆشەویستی ناکات گێلە
ـ ئێ دەبمە هاوسەری
ـ ئم ئەوەشان ببورە چونکە هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتێ بێ باوەڕناکات
زۆر گوێم بەقسەکانی گەردون نەدا سەیری کوڕەکەم دەکرد کە بەکۆڵانی شارەکەیا ئەهاتە خوارەوە
زلەیەکی بچووکم لەسەری گەردون داو وتم :ـ ئەرە تۆبۆچی سەیری ئەوهەموو جوانیەی ناکەی ؟

ــ ئەوە چی دەڵێی پورزا سەیرکردن لەئاینی ئێمە ڕێگە پێنەدراوە ....تکات لێئەکەم هیچ نەکەی حەیامان بەری لەشوێن خۆت ڕاوەستەو مەجولێ کچی لادێ

ــ چی ڕێگەپێنەدراو ئەی بۆ هاوسەری خۆت ؟

ــ ئەوەیان ئاساییە....

لەدڵی خۆما وتم هەردەبێت بەدەستت بێنم هەڵگوڕد هەردەبێت دواتر دەنگێک لەدڵمەوە وتی :ــ چی ئەبێت گەر ڕۆژێک بڕۆمە پێشەوە لێی و داوای لێبگەم ببێت بەهاوسەرم

ڕەتی دەکاتەوە یان چی ؟

گەر ڕەتی بکاتەوە خۆ دەمرم لەشەرما

دەنگێکی تر لەدڵمەوە وتی :ــ بەجلێ موسوڵمانەوە بڕۆ و بەڕێزەوە داوای هاوسەرگیری لێبکە گەر ڕەتی کردەوە ئەوە کەس ناتناسێت گەر ڕەتیشی نەکردەوە ئەوە خۆشترین ژیانت بێت

گەردون :ــ پورزاگیان ئێوە چەند ڕۆژی تر ماڵتان دێت بۆ شار ؟

ــ نزیکی حەفتەیەکی تر..... گەردون ناتوانم چاوەڕێ بکەم تا حەفتەیەکی تر ماڵمان بێت بۆئێرەو هەموڕۆژێک بۆخۆم تێرتەماشای بکەم

ــ کچێ گەمژە مەبە کوڕان کچێکیان ناوی سەیری کوڕبکات دواتر ئەوکوڕە زۆر لەکوڕانی تر جیاواز ترە ئەسلەن کچێکی ناوی بەژیانی هاوڕێیەتی کوڕی کردبێت

## <u>ڕووناکیە زۆر ڕووناکەکە</u>

ــ بۆچی کوڕان کچێکیان ناوی سەیری کوڕبکات؟
ــ چونکە لەئاینەکەمان واهاتوە دواتر لەم وڵاتە کچی زۆر باشتر هەیە کچێ وای تیدایە لەماڵ نایەتەدەرەوە و چاویشی یەک کوڕ نابینێ جگە لەهاوسەرەکەی
ــ واتە گەر لەمەودواسەیرێ بکەم یان قسەلەگەڵ کوڕان بکەم ئەومنی ناوێ ؟
ـــ ئەها تێگەشتی،،ڕێک ئەوەی وتت لێرە کچەکان زۆر بەجوانی پەروەردەکراون
ڕۆژێکێ هەینی هەڵگورد هاتە ناو مزگەوتی ژنانەوەوە لەدورەوە وەستاو سەری نابەزەویەکەوە وتی ئەی کچەکان گەنجەکان ئەی ئەوکچانەی شووتان نەکردوە
ئافرەت کەپیس بوو پاک نابێتەوە وەک جلەکەی بەرتان نیە بیشۆی و پاک بیتەوە ناوی خۆتان مەزڕێنن وە سەیری هیچ کوڕێک مەکەن وەک وەفایەک بۆ هاوسەری داهاتوتان
###

## هەڵگورد :ـــ

حەفتەیەک بەسەر پرسیارەکەی دەنگۆیا ڕۆشت دوای ئەوە دەنگی
سرودئەبیسترا بە بەیانیان کۆمەڵێک خەڵکی دەنگخۆش لەناو
شارەکان سرودی ئاینیان ئەوتەوە
منیش کە نیوەڕۆهات ڕۆشتم بۆ خانووەکەی خۆم لەناخمەوە هەر
هەستم دەکرد من لێرە میوانم و ئیرەزەوی من نیە
قورئانم دەخوێنایەوە هەرخەرێکی،خوێندنەوە بووم سوڕەتی النملم
دەخوێندەوە هەتا گەیشتمە ئەو ئایەتەی
کە باسی پیاوێکی دەکرد لەچاوتروکانێکا توانیویەتی
کورسیەکی گەورە بهێنیت بۆ سولەیمان پێغەمبەر بەهۆی ئەوە
لەکتابەکەی داشارەزابوو
منیش لەدڵێ خۆما وتم :ــ گەر کتابێکی ئاسمانی جگە لەقورئان
بتوانی گەشتی شوێن بەکورسیەک بکات
قورئان دەتوانی گەشتی شوێن بەمنیش بکات.....
بانگی داژیارم کردو وتم برۆ بانگی دەنگۆشم بۆبکە
ئەویش بەڕاکردن ڕۆشت بۆئەوەی بانگی دەنگۆ بکات بەبێ ئەوەی
بزانێ چیبوە
منیش دانیشتمەوە و قورئانەکەم گرتە دەستم
سەرەتای سوڕەتی النمل کە طاا صیین بوو هەردوو پیتەکەم لە
پارچەوەرەقەیەکدا نوسییەوە چوونکە ئەو پیتانە کۆدەکانی
گەردوونو ئاسمان بوون وەلەوسوڕەتەشا پیاوەکە گەشتی شوینی بە
کورسیەکە کرد

## ڕووناکیە زۆر ڕووناکەکە

دواتر پەڕەکانی قورئانەکەم هەڵدایەو چوومە سوڕەتی الاسراء ئەو سوڕەتەی کە خوای گەورە شەورەوی کرد بە پێغەمبەرمان بۆ ئاسمانی حەوتەم ئایەتێکم لەو سوڕەتە دەرهینا کەپەیوەندی بە گەشتی شوێنەوە بوو

هەردووکیم لەسەر پارچە کاغەزیک نووسییەوە هەندێک نزام بۆزیادکردو تا تەواو بوم دەنگۆو داژیارگەرانەوە

منیش سەیرێکیانم کردو دەستم کرد بەگریان یەکسەر هەردووکیانم لەباوەشگرت

ـــ داژیار تۆ لەمەودوا دەبیتە شوێنگرەوی من

ـــ چی ئەوە دەڵێی چی هەڵگورد

ـــ من تەواو ئەبێت لێرە بڕۆم بۆ لای دایکوباوکوکەسوکارم من لێرە تەنیا بۆ گەشتێکی درێژ هاتووم هەرگیز ئامانجم ئەوە نەبوە لێرە بمێنمەوە ڕاستە لێرەم خۆش دەوی بەڵام ئیرە شوێنی من نیە کاری من لێرەتەواوبوو

وادیارە خوا بۆئەوەمنی ناردە ناو ڕووناکیەکە و لەویشەوە بۆئیرە تا ئاینەکەتان پێبگەیەنمم و ئیستاش دەبێ بڕۆمەوە

داژیار بەگریانەوە دەی وت :ــ چی ئەکەین دەچی بۆ کوێ ؟

ــ ڕێگایەکم دۆزیوەتەوە بڕۆم بۆ ناو شوێنوگەلی خۆم
دەنگۆ:ــ بەڵام بێ تۆ ئێمە چی بکەین ؟
ــ داژیارتان بۆ بەجێ دێلم دلنیام زیرەکی ئەوەی هەیە کە شوێنی من بگرێتەوە
بۆ جارێ دووەم هەردووکیانم لەباوەش گرتو
وتم ماڵ ئاوا
ئەوانیش بەگریانەوە تەماشایی منیان دەکرد
دەنگۆ :ــ بەخێربچی بۆ زەویەکەمان مامۆستا دڵنیابە شوێنت لە دڵمان وت نابێت
داژیار هاتە پێشەوەو وتی:ـ من بێتۆ بێ خۆم بووم تۆ ژیانی،منو هەموانت ڕووناک کردەوە براکەم قوبانت بم ....

دەستی نا بەسەر سینگیەوە ووتی مامۆستای گەورەم هیوادارم لەبەهەشت بت بینمەوە
منیش دانیشتم و قورئانەکەم لەبەردەمم داناو نیەتی
ئەو شوێنەم هینا کەدەمەوێ بڕۆم بۆێ.... شاخەدارڕماوەکە
وەرەقەم گرت بەدەستمەوە و بەدەنگێکی گڕونزم وتم
طاا صين سُبۡحَٰنَ ٱلَّذِيٓ أَسۡرَىٰ بِعَبۡدِهِۦ يا إلهي لقد انتهت رحلتي هنا وأريد العودة من حيث أتيت

## ڕووناکیە زۆر ڕووناکەکە

ڕاستەو خۆ لاشەم ڕووناکی لێیوەدەرئەهات و تاوای لێهات هەموو
گیانم سپی سپی بو بەجۆرێک دەموچاوم نەناسرایەوە لەبەر
ڕووناکی
لەچاو ترووکانێک لەو شوێنە ون بووم
چاوەکانم داخست بوو لەترسا گوێم لەدەنگی ئەستێرە بوو
چاوەم کردەوە لەنێو ئەستێرەیەک دا بەخیرایی ئەڕۆم نزکی
دەچرکەی برد پێم لەزەوی گیربوو ئاوڕم دایەوە ڕووناکیەکە
تریشقەیەکی کرد و یەکسەر لەزەوی چوە دەرەوە
سەیرێکی دەوروبەرم کرد لەبەرزاییی شاخە داڕماوەکەیا وەستاومم

بەڕاکردنێکێ خێرا لە شاخەداڕماوەکە هاتمە خوارەوە
چوومە سەر شەقامەقیرەکە
تەکسیەک لەدوورەوە هات
دەستم لێێ ڕاگرت و لەبەردەمم وەستا
ناو نیشانی،ماڵی خۆمانم داپێیی دەستم کردبەگیرفانم هەندێک
بەردم دەرهێناو ویستم بیدەمە کابرا
ــ لێرەوە بۆئەوناونیشانە چل هەزارم دەوێ
بەردەکانم کردەوە گیرفانم و وتم :ــ باشە کە گەیشتینە ئەوێ
پارەکەت دەدەمێ
سواری ئۆتۆمبیلەکەبووم بەڕێکەوتم بۆماڵ

**دەنگۆ:ــ**

دوای ون بوونی هەڵگورد منوداژیار دەستمانکردەوە بەگریان و دڵنەوایی یەکمان دەدایەوە تاکو خەلکەکە لێمان کۆبوییەوە

ئاورنگ ـــ چی ڕوئەدا لێرە بۆئەگرین

داژیار:ــ مامۆستاکەت ئێمەێ جیهێشت بۆهەمیشە...

ئاورنگ دەستی کرد بەهاوارکردن وتی :ــ نابێت نابێت شتی وانابێت ئێستا ئێمە بێ ئەو چێبکەین بۆچی ئاوا ئاسان لێگەران جێمان بهێنیت

**ستایش :ـ**

زۆر دڵ خۆشم کە خانوویەکی،تازەمان کڕیوە لەشار
وە شارەکەشم نزیک شوێنەکەی هەڵگوردە
بۆیە پۆشەرە سپیەکەم کردەبەرم کە پورزاکەم بە دیاریێ بۆی
هینابووم لەبەر ئەوەی ماڵمان هاتۆتە شار
بەڕێ کەوتم بۆ ئەو شوێنەی هەڵگورد ئیواران لێی دائەنیشێت
لەدڵێ،خۆما دەم وت هاورسەرگیری لەگەڵ دەکەمو ژیانێکێ
خۆش مان دەبێت و چەند منداڵێکم لێی دەبێت
منداڵی ئاقڵو بەڕەوشت....
دەستی پورزاکەمم گرتو وتم ڕاکە بابڕۆین کاڕێکم
بەهەڵگوردهەیە
ـــ کچێ بۆکۆێ خۆتۆ هەر نای ناسی ئابڕوومان مەبە

ـ دەتۆ لەگەڵم وەرە مەترسە کچێ
گەردون لەگەڵم هات تا گەیشتینە مزگەوتەکەو لەسەروو
مزگەوتەکەوە ئەوشوێنەبوو هەڵگۆرد لێی ئەمایەوە
بەڵام بینیم قەڵەباڵقیەکی زۆر زۆر لەو شوێنە بەدێ ئەکرێت
خەڵکەکە هەموو دەیان پرسی ئەوە چی بوە چی ڕوی داوە
منوگەردوونیش بەخێرایی چووینە ژوورەوە چونکە بەڕاستی زۆرم
پەلەبوو کە ئەوکوڕە ببینم و
هەستی خۆمێ بۆ دەرببڕم
کەچوومە ژورەوە ژوورەوەش وەک دەرەوە قەڵەباڵغ بوو
هەموویان دەگریان لەئافرەتێکم پرسی ئەم خەڵکە بۆچی ئەگری ؟؟
ـ چونکە هەڵگۆرد ڕۆشتو هەرگیز نایاتەوە

## رووناکیە زۆر رووناکەکە

ــ چی نایاتەوە؟؟؟؟
کوڕێک بەگریانەوە وتی :ــ بەڵێ خوشکێ نایاتەوە
ــ تۆ کێی کوڕەکە ؟
ــ من هاوکارەکەی هەڵگۆردبووم ئەو ڕۆشت بۆ نیشتیمانەکەی خۆی و هەرگێز نایاتەوە
ــ نیشتیمانەکەی،خۆیی ؟؟ مەبەستت ولاتی بیروە ؟
دەستی کردەوە بەگریان لەبەر گریان نەیتوانی،قسەبکات
کەسێک لەتەنیشتیەوە وتی :ــ نیشتیمانەکەی خۆی لەزەویەکی ترە زەویەک کە بەباسکردنی کەس باوەڕ ناکات
ــ بەڵام من هاتووم کەههه
دوای ئەوە بێدەنگ بوومو هیچم بۆ نەوترا
ــ هاتوویی کەچی ؟
ــ با کەمێک ئیرە چۆڵ بێت پیت دەڵێم

دووکاژمێر بەسەرمانتا تێپەری خەلکە ئەوشوێنەی جیهیشت و بەخەموداخەوە ڕۆشتن بۆسەرکارەکەی خۆیان
تەنیا هاوکارەکەی هەڵگورد نەبێت کە هەرخەریکی گریان بوو منوگەردونیش لە سووچێکی ماڵەکە دانیشتبووین
هەڵسامە سەرپێو ڕۆشتم بۆلای گەنجەکە کە دەستەڕاستی پاشا بوو پێیم وت :ــ من دەم ویست هاوسەرگیری لەگەڵ هەڵگوردابکەم وە من بێ باوەڕم ئیستاش کە هەڵگورد ڕۆشتوە من چیبکەم شتێکم پێبڵی خەریکە مێشکم ئەتەقێ

بەبێ ئەوەی سەیرم بکات وەڵامێ دامەوەو وتی :ـ تەنیا یەک ڕێگاهەیە بۆبینینەوە هەڵگورد ئەویش ئەوەیە باوەڕبهێنێت و لەو دنیا پێکشاد ببنو ببنە هاوسەرێ یەک

ـــ باوەر بهێنم بەخوا ؟

ڕووم کردە گەردوونو وتم ڕات چیە لەسەر قسەکانی ئەم کوڕە

ـــ منیش ئەڵیم باوەڕبهێنە بەشکم لەودنێا بەیەک بگەن

منیش لەویا شاهادەم هێناو هیوام خواست کە بەهەڵگوردبگەم لەودونیا.....

زۆر زۆر هەستێکی خۆشم هەبووکە باوەڕم هێنا بەجۆرێک خەرێک بوو لەخۆشیا لەناو ئەو هەمووخەڵکە هاوار بکەم

دواترویستم بگەڕێمەوە بۆماڵەوە وتم :ـ گەردوون بابڕۆین دەی هەردوکمان لەشوێنی خۆمان جووڵاین و ویستیمان بچینە دەرەوە

منیش سەرم نزم کردبویەوەو چاوم لەزەویەکە بوو..

لەناکاو چاوم بڕیە ژێر دۆلابی کتێب خانەکەی هەڵگورد... کە پارچەکاغەزێکی لەژێر بوو

منیش سەیرێکی خەڵکەکەم کرد هەمووی سەرقاڵی گریانە بەتایبەت داژیار دەستەڕاستی هەڵگۆرد

بەخێرایی بەبێ ئەوەی کەس بم بێنێ کاغەزەکەم هەڵگرت و ڕۆشتمە دەرەوە لەو شوێنە



***الحمدالله بەشی یەکی ڕۆمانەکەم تەواو کرد***